سالّی دووەم   ژمارە (١٥)   شوباتی ٢٠٠٨

گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە مانگانە لە رانیە دەردەچێت

مانگانە لەسەر ماڵپەڕی www.dengekan.com بخوێنەوە



# رۆڵی پەروەردە لە بنەما فیکریەکەیدا

.... فەرهەنگی هەر نەتەوەیەك پێناسەی ئاستی رۆشنبیریی ئەو نەتەوەیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەی،



# دکتۆر کەمال میراودەلی

... لەبەشی سێیەمو کۆتایی دیداری گۆڤارەکەمان باس لەچەندین تەوەرو پرسی گرنگ دەکات .



# خوێندنەوەیەکی کورت بۆ پرۆژە

... ئەمرۆ لەکوردستان بەردەوام گوێبیستی وشەی پرۆژە دەبین، ئەو وشەیەی کە زۆرجێگەی



# چەند زانیایەك لەسەر ماسۆنیەت

... ماسۆنیەت بە زمانی ئینگیزی واتاحەرفیەکەی مانای(بیناکارە ئازادەکان



# ڵەوانی کوردستانو عێراقو عەرەب ئیسماعیل مەولود لە دیداری زنارد

خاوەنی ئیمتیاز :

ئەردەڵان یوسف محمد

(ئەردەڵان مام وسو دزەیی)

سەرنوسەر:

قادر ئەحمەد عومەر

(هەڵگورد)

halgordpshdare@yahoo.com

٠٧٥٠١١١٣٢١٨ سانا    ٠٧٧٠١٤٥٤٣٣٠ ئاسیا

بەڕێوەبەری نوسین :

غەفور نادر حەمەدەمین

gafurranya@myway.com

٠٧٣٠١٥٢٠٧١٤سانا   ٠٧٧٠٢١٣٤٧٢٢ئاسیا

نوسینگەی گۆڤار:

ڕانیە- بازاڕی کوردو

نهۆمی دووەم

ئیمەیڵی گۆڤار

znarmagazin@yahoo.com

زنار تەنیا لەو بابەتانە بەرپرسە کە لۆگۆی گۆڤارەکەی بەسەرەوەیە



# کوردستان، فەلەستین و هەڵبژاردنەکانی ۲۰۰۸

مارك زيل

و: زنار

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٨ هەرچییەك بێ، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە خاڵی وەرچەرخانێ دراماتیکی، لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا خۆی نیشان بدات، بەتایبەتی لێرە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست. ئیدارەی ئێستای بۆش لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا، ئاراستەیەکی نوێ‌و بوێرانەی سیاسی لە ناوچەکەدا پیادەکرد، هەڵوێستێ دوژمنکارانەی بەرامبەر بە تیرۆریزم گرتەبەر، هاوکات هەوڵدان بۆ چەسپاندنی دیموکراتیەت لەناوچەیەکدا، کە دژ بە بەهای دیموکراسی رۆژاوا وەستاونەتەوە. لەمیانی رەوتی ناکۆکی نێوان ئیسرائیل‌و عەرەبدا، ئیدارەی ئەمریکی پێشینەیەکی گرنگی خستەروو، ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین بوو، بەڵام سەربەخۆییەکەی بە وریایی‌و کۆمەڵێ مەرجەوە بەستەوە، لە ٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٢دا، سەرۆك بۆش مەرجەکانی درکاند، کە پێویستە ریفۆرمی ئابووری‌و سیاسی ئەنجام بدرێ، پشت ئەستوور بێ بە ئابووری‌و بازاڕو دیموکراسیەت‌و بەگژداچونەوەی تیرۆریزم. لەرووی لۆژیکیەوە، ئەم ریفۆرمانە بە عەسای سیحری وەدەست نایەن، بەڵکو کاتی دەوێ، پابەندبوونی نیشتمانیی‌و هەوڵ‌و قوربانیدانی گەرەکە.

ئەمە بووە سەرسوڕمانی زۆرینەیەك لەنێو کۆمەڵەی نێودەوڵەتی، لەوانە تیمەکەی کلنتۆن لە رێککەوتنامەی ئۆسلۆ، بەتایبەتی رادیکاڵی دیموکراتی(ئۆباما)، سەرۆك وەزیرانی راسپێردراوی ئیسرائیل‌و وەزیری دەرەوەی، چەندین ئاستی دیکەش، کە ناتوانن روونکردنەوەیەك لەوبارەوە بدەن. وەزیری دەرەوەی ئێستای ئەمریکا، کلیلی روون‌و ئارامی رۆژهەڵاتی ناوەراست لە دامەزراندنی نەخشێکی بەپەلەی دەوڵەتی فەلەستین دەبینێتەوە، کە سنورەکەی رۆژاوای رووباری ئوردن بێ. لەبری قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە دەگمەنەی سەرۆك بۆش، تا دەوڵەتی چاوەروانکراوی فەلەستین دامەزرێ، (حەماس)یان بۆ هێناین، تیرۆرو فاشیەتی توندرۆیی‌و سەرکوتکردنی ئافرەت‌و غەیرە موسڵمانیان پێشکەشکردین. مافی دیاریکردنی چارەنوسی فەلەستینیەکان لەو ناوچانەی کە لەژێردەستیاندا بوو، بوو بە مانایەکی دیکە، کە رۆژانە موشەکبارانی شارو شارۆچکەکانی ئیسرائیل بکەن، خشتەیەکی بێبڕانەوە لە کوشتن لە غەززەو کەناری رۆژاواو دەوروبەری، هێنانی چەکی پێشکەوتوو لەسەرشانی پارەی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری، شکستێ جێگیرو بەردەوام لەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتیان بۆ دروستکردنی دەزگا دیموکراسیە کاراکان.

ئەمە راستییەکی تراژیدییە، کە فەلەستینییەکان لە سێ چارەکی ئەم سەدەیە، چەندین دەرفەتیان لەبەردەستدابوو بۆ بونیاتنانی دەوڵەتەکەیان، ئەمرۆش هەمان دەرفەتیان هەیە. بەڵام لەبەر هەر هۆکارێ بێ، دەوڵەتەکە نەبوو، ناشبێ‌و ئەگەری ئەوەش نیە لە ئایندەیەکی نزیکدا ببێ، بۆچی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەمە، دەبێ پرسیاری سەرەکی لە بارەی دۆخی ئێستای ناسیۆنالیزمی فەلەستینی‌و پەیوەندییان بە بونیاتنانی میللەتەوە بکرێ. نوسەری ئەم بابەتە بۆ ماوەیەك لە کوردستان لە باکوری ئێراق مایەوە، بەمدواییانە گەڕامەوە، بەسەرەکی لە هەولێری پایتەخت بووم. هەولێر شارێکە کاری زۆری تێدا ئەنجام دەدرێ، ئێستا سەرقاڵی بونیاتنانی ژێرخانن (شەقامەکان- سەیرانگەکان- قوتابخانەکان- سیستەمی ئاو- سیستەمی چارەسەرکردنی ئاو- کارەباو ..هتد). فرۆکەخانەیەکی نوێ‌و مامناوەندی دروستکراوە، گەشتی رێکوپێك بۆ ئەوروپاو ئوردن ساز دەدات. بازاڕی گەورە کراونەتەوە کە جۆرەها کاڵاو شمەکی تێدایە، هۆتێلە نوێکانی پێنج ئەستێرە بەردەوام میوانیان هەیە، لە دەوروبەری شارەکەشدا هەڵمەتی بیناسازیی دەستیپێکردووە. شەقامەکان خاوێن‌و خزمەنگوزاری گشتیش سازو ئامادەن. هێزی میللی کوردی(مەبەستی نوسەر پێشمەرگەو دەزگاکانی پۆلیس‌و ئاسایشە) ئاشتی‌و ئارامی پاراستووە، وایکردووە کە پێشەوەچوون ئەگەرێ بەردەوام بێ، لەبەرئەوە بەمدواییانە پەرلەمانی ئێراق ماوەی ئەنجامدانی راپرسیی کەرکوکی درێژکردەوە، کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو ناکۆکی



ئەو نەخشەیەی تا ئێستا تەنها لە خەون‌وخەیاڵی خۆماندا بونی هەیە



ئایا کوردیش هاوشێوەی کۆسۆڤۆ دەتوایێت سوود لە دۆستایەتی ئەمریکا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی وەربگرێت

لەسەرە. چینی ناوەند بەرەو سەرهەڵدان هەنگاو دەنێ، لەوێ خەڵك یەکدی ناکوژن، لەسەر تەواوی ئاستەکانی کۆمەڵگە، دەیانەوێ بەهرەمەند بن بە بەرهەمی خۆشگوزەرانی ئابووری. لەوێ ئاستێکی سەرەتاییانەی دیموکراسیەت (بەڵام هەوڵی کاراکردنی خۆی دەدات)و ئازادی تاکەکەسی هەیەو بەردەوامیش هەوڵ هەیە بۆ فراوانکردنیان. ئەم بەرەوپێشەوەچوونانە بەسە بۆ ئەوەی هەریەك لە کوردەکانو ئەمریکییەکان شانازییان پێوە بکەن.
ئەم هەموو بەرەوپێشەوەچوونە لە وڵاتێکدایە، کە هەڕەشە لەسەر بوونی هەیە لەلایەن دەوروبەرییەوە (ئێران- تورکیا-سوریا)، پێویست ناکات ئەوەش بهێنینەوە یاد، کە دەستی ناوخۆی ئێراقیش هەیە وەك هەڕەشەیەك خۆی نمایش دەکات وەك قاعیدەو ئەنسار. ئەمەی کوردەکان، بەخۆیان ئەنجامیانداوە لەگەڵ کۆمەکییەکی کەمی دارایی دەرەوە، بێگومان ئەو کۆمەکییە داراییەی بە کورد کراوە هیچ نیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو چەندەها بلیۆن دۆلارەی کە بەخشراوەو دراوەتە دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستینی. کوردەکان سوودیان لە هەندێ کۆمەکی مرۆیی‌و ناوچەی دژەفڕین کرد کە لەساڵی ١٩٩١دا سەپێنرا، بەڵام موعجیزەی سیاسی‌و ئابووری کە ڕۆژانە ڕوودەدات، لەلایەن خودی کوردەکان خۆیانەوە هاتەبوون. کۆتایی بەڵگەنەویستە کە کوردەکانی ئێراق، ڕێگەی خۆیان گرتۆتەبەر، دەرکیان بەوە کردووە کە خەونی لەمێژینەی چەند سەدەیان، سەربەخۆیی راستەقینەیە نەك ئۆتۆنۆمی، بەڵام راستییەکانی جیۆپۆلیتیکی ڕێگەیان نادات بەم هەنگاوە هەستن، هەرچەندە هەرێمێ چالاكو خۆبەڕێوەبەر، دەوڵەتە لە هەموو شتێکدا تەنیا ناو نەبێ.
فەلەستینییەکان بەدرێژایی چەند دەیە، پەیوەندی باشیان بونیات نا، توانییان سەرنجی جیهان بۆ لای نەهامەتیەکانی خۆیان راکێشن، سەرباری ئەو راستییەی کە ئەوان بەدرێژایی ٧٠ ساڵ، دەرفەتی بونیاتنانی دەوڵەتی تایبەت بەخۆیانیان هەبوو، بە بلیۆنەها دۆلار کۆمەکی نێودەوڵەتییان وەردەگرت، بەڵام بە تەواوی شکستیان هێنا لە پێکهێنانی سیستمێکی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتی نوێی نەتەوەییان. لەراستیدا فەلەستینییەکان لە هەموو کۆمەڵێکی دیکەی ئەم سەرزەوییە، دەرفەتی زیاتریان پێدراو دەستی کۆمەکییان باشتر بۆ درێژکرا، بە مەبەستی بونیاتنانی خۆیان، بەڵام بە بەردەوامی دەرفەتەکەیان لەباربردووە. کاتێ چاو دەگێڕی بە دەوراندەوری خاکی فەلەستیندا، لە غەززەوە بۆ نابلس، هەمان مەسەلە خەمهێنەرەکە دەبینیەوە: بەشێ یەکجار کەم لە ژێرخان بونیاتنراوە، سادەترین تایبەتمەندێتی سەربەخۆبوونی لە ئایندەدا تێدا نابینرێ.
بۆ ئەوەی پروپاگەندە دیماگۆگیەکەش راستو دروست دەرکەوێ، دەکەونە لۆمەکردنی ئیسرائیلو جولەکەو ئەمریکا، بەڵام چی بکەین خۆیان هەنگاو بۆ بەرەوپێشڤەچوونێکی ماددی نانێن، کە بە بەراوردکردن لەگەڵ کوردە بێبەختەکاندا، هێشتا فەلەستینییەکان ڕەنگە خوێندەواری زیاتریان هەبێ، هەم دەوڵەمەندترین گرووپیشن لە جیهانی عەرەبیدا.

سەرچاوە:ڕۆژنامەی(جۆراسلیم پۆست)



# ئیبراهیم مەلا زادە

# کورد بە درێژایی ئەو مێژووە نەیتوانیوە یاریزانێکی زیرەك بێتو گۆڵ تۆمار بکات لە یاریگای سیاسەتدا

**لە گوندی گرتكو لە بناری چیای هەڵگورد، لە دەڤەری باڵەکایەتی لە ساڵی ١٩٦٦ چاوی بە دونیا هەڵێناوە. لە ١٩٩١ەوە کۆلێجی یاسای زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە. لە دوای دەرچوونی بۆ ماوەی ساڵو نیوێك وەکو سەرپەرشتیار لە ئامۆژگای تەکنیکی هەولێر لە بەشی بەڕێوەبردنی یاسایی دامەزراوە. پاشان وەکو پارێزەر لە دادگای هەولێرو دهۆك کاری پارێزەری کردووە. لە کۆتایی ١٩٩٦دا ملی هەندەرانی گرتووەو لە هۆڵەندە گیرساوەتەوە. لە هۆڵەنداش دوای ئەوەی زمانی هۆڵەندی دەخوێنێت، لە کۆلێژی (Welzijn) لە( Gelderland)، بۆ ماوەی سێ ساڵ بەشی یاساو کۆمەڵناسی دەخوێنێتو دوای ئەوەش زیاتر لە چوار ساڵ وەکو راوێژکاری یاسایی لە دەزگای کاری پەنابەرانی هۆڵەندی کاری**

**هەڤپەیڤین: هەڵۆ مەرگەیی - بەشی یەکەم**

زنار: زۆرێك پێیانوایە ئێوە رۆژانێك لە کەسە چالاكو توندڕەوە ئیسلامیەکان بوون، ئێستاش کە لە ئەوروپا دەژی، خوێندنەوە بۆ بەرێزت پێچەوانە بۆتەوە، ئەمە بۆو قسەتان لەسەر ئەم بابەتە چییە؟

ئیبراهیم مەلازادە: لە راستیدا سەرەتای پرسیارەکەتان تارادەیەك هێرشئامێزەو شێوێنەریشە. بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بەباشی دەزانم پنت لەسەر پیتەکان دابنێمو وەلاّمێکی کۆنکرێتت بدەمەوە. سەرەتا تۆ چەند تیرمێکی جیاواز لەو پرسیارەدا دەوروژێنی، کە هەر یەکەیان هەڵگری کۆمەڵێك ئاکارو دەرهاویشتەی جیاوازنو لە دەرنجامی کۆمەڵێك هۆکاری جیاوازیشەوە هاتوونەتە بوون، بەقەد پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەی کە هەموو ئەو ئاکارو دەرهاویشتە هۆکارانەی تێدا لەدایك دەبن. دەمەوێ بڵێم " نۆربێرت ئیلیاس" گەورە سۆسیۆلۆگی ئەڵمانی پێیوایە، هەموو کردەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەدا لە دایك دەبن، وەکو گەمەی شەترەنج بریتین لە کارو کاردانەوە، بەو مانایەی هیچ کردارێکی کۆمەلاّیەتی لە بۆشاییەوە نایەت. تاکەکان یەکەی دابڕاو نین لە کۆمەڵگا، کۆمەڵگاش لە دەرەوەی تاکەکاندا نییە. ئەو سوڕە یا دەورانەش ئیلیاس ناوی لێدەنێت پرۆسێسی کۆمەلاّیەتی.

یەکەم تێرم لە پرسیارەکەت کە ترسناکترین تێرمە، رەنگدانەوەی ئەو واقیعە کۆمەلاّیەتیە ئالۆزەیە کە هەموو شتێك لە چرکەساتێکدا بە گووتیان یا وەکو دەڵێی زۆرێك پێیانوایە کە هەر لە چوارچێوەی گووتیاندا خۆی دەبینێتەوە، دروست دەبێتو گەشە دەکاتو دەرەنجامەکانیش کارایی خۆیان دادەنێن. بۆیە خودی



وشەی گووتیان دەمانباتەوە ناو پێکهاتەو بیناکردنی ئەو کۆمەڵگایەی کە بەبێ بەڵگەو بێ راڤەکردنو بێ ئەوەی بارودۆخی چرکەساتی کردەکان لێکبدرێتەوە دونیایەك حوکم دابەش دەکاتو لێدەبێتەوە. لەبەر ئەوەی دەبینین تەنانەت لە کردە چارەنووسسازەکانیشدا بەیەك پڕوپاگەندە بۆی هەیە چەندین کەس بکوژرێنو ئاژاوەیەك دروست ببێت سەروبنی دیار نەبێت. رۆژانە لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری ئێمەدا هەر لەسەر وشەی گووتیان چەندین ئافرەت رووبەرووی هەڕەشەی کوشتن، ئەشکەنجەدانو دەرکردن دەبنەوە، چەندین جار لەسەر وشەی گووتیان شەڕی گەورە هەڵگیرساوە. کۆمەڵێك رەمزی مێژوویی هەن هەر بە گوتنیان لەبەردەم هەڕەشەی هەلوەشاندنەوەدانو درزی زۆر گەورەی لە دیواری ناسنامەی کۆمەڵگای کوردیدا درووست کردوونو تا هەنوکەش نەمانزانیوە حکومەت گرنگی پێبدات یا دەزگایەکی زانستی ئەو لاپەڕانە هەڵداتەوە، بۆ ئەوەی رەمزە مێژووییەکان سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوەو راڤەبکرێنو بزانین راستی لە کوێیەو ناراستی لە کوێیە. بۆیە تاکێکی کۆمەڵگای ئێمە نییە رۆژانە چەنیدن جار کارایی گووتیانی نەکەوێتە سەرو حوکمەکانی راستو چەپ دابەش نەکات. بێگوومان هەموو ئەو دیاردانە پەیوەندی راستەوخۆیان بە پێکهاتەی خودی کۆمەڵگاوە هەیەو پێویستیان بە راڤەگردنیکی قوڵو ورد هەیە بۆ ئەوەی ئاوا بە ئاسانیو سەرپێیی بەسەریاندا تێپەڕ نەبین. لێرەدا لە پرسیاری بەڕێزتانداو لەبەزمی زۆرێك پێیان وایەدا نازانین ئەو زۆرانە کێن؟ داخۆ بەراستیش زۆرن یان نا؟ توندڕەوبوون دەدرێتە پاڵ ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگایەی کە دونیایەك کارایی دانراوەتە سەر، لە زەمەنێکی جیاواز لە زەمەنی ئەمڕۆ. نەك هەر تێرمی توندڕەویش بەڵکو سیفەتی چالاکیشی دەدرێتە پاڵو هەر لەگەڵ بیستنیدا دونیایەك پرسیاری سەیرو سەمەرە لەمێشکی خوێنەردا دروست دەبێت. بێگومان رەتکردنەوەی یان قبوڵکردنی پرسیارێکی ئاوا یا خۆلێبواردنی کێشەکە چارەس ناکات. بۆیە پێویستە لەسەر ئەم دیاردەیە بوەستینو بزانین بۆ ئەو کەسەی کە هیچ بیرو بۆچوونێك نەیتوانیوە شتە جوانەکان تیایدا بکوژرێتو بۆ تەنها ساتێکیش لەخۆشیو ناخۆشیەکانی میللەتی خۆی دایبڕێت یاخود رۆژیك لە رۆژان بە خەونیش واژۆیەکی بۆ حزبێکی ئیسلامی نەکردبێت، پێی بڵێن توندڕەو؟ کە یەکەمجاریشە ئەم وشەیەم گوێ لێ بێ. توندڕەو کێیەو لەبەر چی توندڕەوی سەر هەڵئەدات؟.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بیناکردنی کۆمەلگەی کوردی، تەماشادەکەین سروشتی ئەکتەرەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە هەر پانتاییەکی کۆمەڵگاکەی بوەستن توڕەو توند دەبینرێنو بە گوتیانێك ئامادەن هەرچی پلانو بەرنامەی ژیانیان هەیە بیگۆڕن. بۆ ئەوەی بزانین کێشەکە لە کوێیە، دەبێ لە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا تێبگەینو کاراییەکانیشی لەسەر تاکەکان بزانین. دیارە کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگایەکی ئۆتۆنۆم نییەو لەسەرتاپای جەمسەرەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا پاشکۆییو زەبوونی دەبینرێ. ئەم کاراییە لە کوێوە هاتووەو بۆ وای لە کۆمەڵگای کوردی کردووەوە ئۆتۆنۆم نەبێ؟ دیارە هۆکاری ناوخۆییو دەرەکی هەنو هیچ یەك لەو هۆکارانە بەدەر نین لەو پرۆسێسە کۆمەڵایەتیەی کە باسمان لێوەکرد. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی، دەبینین ترادسیۆن، دینیش وەکو بەشێك لەو ترادسیۆنە جەمسەرێکی بنەڕەتییە لە بیناکردنیو بەردەوامیشە لە درێژبوونەوەی تەمەنی خۆی لەو بیناکردنەدا. بۆیە تاك لەناو کۆمەڵگایەك کە لە خودی خۆیدا ئۆتۆنۆم نییە، زۆر ئاساییە کە تاکی نا ئۆتۆنۆمو خێزانی نا ئۆتۆنۆمو مزگەوتو کلێساو پەرستگای نا ئۆتۆنۆمیش بەرهەم بێنێو دەبنە بەشێك لەو ترادسیۆنەی کە ئەو کۆمەڵگا نائۆتۆنۆمە بەیەکەوە دەبەستنەوە. ئەو بەیەکەوە بەستنەوەیەش دەگاتە ئاستێك کە زۆربەی تاکەکان تەواوی روخسارو ئیرادەکانی خۆیان لەدەست دەدەنو زۆر ئەستەمە بتوانن لەناو ئەو هەموو ئاڵۆزیەدا هەناسە بدەن. لێرەدا تاك لەقاڵب دەدرێ، گۆڕەوشار دەکرێ. ماڵو مزگەوتو قوتابخانەو کۆلانو حیزب رێکخراو هەموو یەکەکانی ئەو کۆمەڵگایە رۆڵی کاریگەرو جۆراوجۆر دەبینین لەو قالبدانەدا، هیچ یەکەیەکی ئەو کۆمەڵگایە نامێنێ جیناتەکانی خۆی دانەنێتە ناو پێکهاتەی تاکەکان. هەڵبەتە کە دەڵێین کۆمەڵگا، خۆی کۆمەڵگا لە دەرەوەی تاکەکان بوونی نییە، بۆیە تاکەکان کە دەبنە ئەکتەرو وەکو سوڕی خوێن لەسەرەوە بۆ خوارەوە، پرۆسێسە کۆمەلایەتیەکە، هەموو کۆمەڵگە وابەستەی خۆی دەکاتو بەیەکەوە دەرەنجامەکان درووست دەکەن، بۆیە تاکەکان لە کردە خراپەکانیان چەند گوناه هەڵبگرن، کۆمەڵگاش وەکو یەکەیەکی کۆمەلایەتی بەشی خۆی لە گوناهەکانی تاك هەڵدەگرێ. ئەو تاکەی کە دەیەوێ بە پێچەوانەی هەموو ئەو تەوژمانە بڕواتو هەموو ئەو قالبانەش بشکێنێ، بێگومان شوێنی لەو کۆمەڵگایەدا نابێتەوەو بە خۆشی بێ یا بە ترشی دەبێ بەجێی بێڵێ. ئەگەرچی ئەو شوێنەی کە بۆشی دەچێ لە دەستەواژەی (un)و یاساناسیدا وڵاتی دوەمی پێدەڵێن، ئەو جیناتانە هەر لەگەڵ خۆی دەبات.

هەڵبەتە هۆیەکانی دەرچوون لە تاکێکەوە تا تاکێکی تر دەگۆڕێن، بۆیە مانەوەی جیناتەکانیش هۆیەکانی دەرچوونیش کارایی خۆیان هەیە لەسەر تاکەکان لە تاراوگەدا. زۆربەی ئەوانەی لەبەر هۆکاری ئابووری وڵات بەجێدەهێڵنو دەردەچن جیاوازیان لەگەڵ ئەوانەی تەنها لەبەر نەبوونی ئازادی بیروڕا بە ناچاری نیشتیمانی یەکەم بەجێدەهێڵن. دابڕانی ئەو تاکانەش لە نیشتیمانو کێشەکانیان لە نیشتیمانی دووهەمدا بابەتێکی ترەو تێڕامانێکی قوڵتری دەوێ. بۆیە ئەو کەسەی کە توندڕەو دەردەچێ، کۆمەڵگەش بەشێك لە گوناهەکانی هەڵدەگرێ. لەو پانتاییەی کۆمەڵگەش حیزبو دەزگا دینیەکانو خێزان رۆڵی سەرەکی دەبینن. هەر بۆنموونە دوای ئەوەی لە میسر بە هەزارەها ئیخوان خزێنرانە گرتووخانەکانو کەوتنە ژێر کوشندەترینو دڕندەترین ئەشکەنجە، تەنانەت بە هەتککردنو ئابڕووبردنی خێزانو خوشكو دایکی زۆرێکیان تەواو بوو، زۆرێك لەو گیراوانە لە فیکری ئیخوانی هەڵگەڕانەوەو پەنایان بۆ ئەو دەقانە برد کە توندڕەوی لە هەناوی خۆیاندا هەڵدەگرن. تەنانەت ئەگەر بەراوردی ژیانی سەید قوتب بکەین دەبینین، بەر لە گیرانی بۆ ماوەیەك کتێبی (دادوەری کۆمەلایەتی) دەنووسێت، کتێبێکە هێمنو رەخنە ئامێزو دونیایەکی فراوانە. بەڵام کە دەچێتە گرتوخانە کتێبی(معالم في الطريق) دەنووسێت، ئەو کتێبەی دەبێتە بۆمبێكو هەموو کۆمەڵگا تەڕو وشك بەیەکەوە رەوانەی دۆزەخ دەکات، کتێبێکە لە خودی خۆیدا گرتوخانەیەکەو ئەوەی تێی بکەوێت لێ دەرچوونی نابێت. لەوێدا پێیوایە.. کۆمەڵگە جاهیلەو پێویستە لە دژی بوەستنەوە. هەڵبەتە دوای ئەو رووداوانە کۆمەڵەی تەکفیرو هیجرەش درووست بوو، پاشان پەنایان بردە بەر ئەشکەوتەکانو دەستیان بە کوشتنی خەڵکی سیڤیل کردو هەرچی خراپ بوو لەدەستیان دەهات کردیان. هەڵبەتە ئەوانە تاوانبارن، بەڵام رژێمی میسریش بەشێکی گەورە لەو تاوانە هەڵدەگرێت. بۆیە دەڵێم کۆمەڵگا بەشدارە لە بیناکردنی هەر دیاردەیەك لەهەر چرکەساتێك لە چرکەساتەکانی دروستبوونی ئەو دیاردەیەدا. ئەگەر بگەڕێینەوە سەرەتای راپەڕینو لە کۆمەڵگەی کورد وردبینەوە، دەبینین بە دەگمەن تاکێکی کوردت دەدیت چەکی لەشان نەبێت، دەی ئەو چەکە نیشانەی توندوتیژی بوو. بۆ مرۆڤ چەك هەڵدەگرێت؟ بەڵام بارودۆخی گشتی کۆمەڵگای کوردی لەو کاتەدا شەرعیەتی بەو شێوە رەفتارە دەداو بە بەشێك لەخۆ پاراستنی دەزانی. بەڵام دوای ئەوەی سوڕی بیناکردنەکەو ئاراستەی کۆمەڵگای گۆڕیو ئەکتەرە کۆمەڵایەتیەکانیش لە چواچێوەی گۆڕانکاریەکانی ئەو بیناکردنەدا رۆڵی شایستەی خۆیان دەبینن. بۆیە زۆربەی هەرە زۆری تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە دوای راپەڕین وەکو حۆل یا مەست بەپێی ئەو دەرفەتەی کە دەبووە زەمینەی هەنگاوەکانی کاردانەوەی دەکردو شتێك نەبوو پێی بڵێن



پلان یان بەرنامە، چونکە رژێمی داگیرکەر، ئەو کۆمەڵگایەی وەکو مێگەلێک بەڕێوەدەبردو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد. لە حاڵەتی ئاواشدا پرۆسەی گۆڕان یا هەندێک جار پێی دەگووترێ قۆناغی گواستنەوە چەند ساڵێک دەخایەنێت تا تاکەکان بە ئاگا بێنەوەو وەکو ئەکتەرێکی چالاک بتوانن کارایی خۆیان لەناو کۆمەڵگەدا دابنێت‌و بە ئاراستەیەکی جیاوازی ترو هەنگاو بنێن.

**زنار: ئەوکاتەی کە لە سکرتاریەتی پەیوەندی ئیسلامیدا بوون یەکێک لە رۆژنامەنووسە چالاکەکان بوون، هەر لەو کاتەشدا (قەیرانی فیکری هاوچەرخ)ی دکتۆر تەها جابر عەلوانیتان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، هۆکاری چییە ئێستا ئەم گوڕو تینەتان نەماوە یان دەکرێ بزانین سەرگەرمی چیترن؟**

**ئیبراهیم مەلازادە:** ئەم پرسیارە وەڵامی پڕ بە پێستی پرسیاری یەکەمە، بۆیە دەمەوێ لێرەدا هەندێک وردتر بچمە سەر وەڵامی پرسیاری یەکەم، هەڵبەت وەکو لەناوەکەشمرا دیارە من لە خێزانێکی دیندارو پارێزکار چاومکردۆتەوە. کارایی باپیرەم وایکردبوو لەسەردەمی منداڵیشمدا منداڵ نەبم‌و وەکو گەورە رەفتار بکەم، کۆمەڵێک ترادسیۆن گەمارۆی ژیان‌و خێزانی ئێمەی دابوو. بێجگە لەوەش ژیانی من وەکو ژیانی زۆربەی خەڵکی کورد پڕبووە لە راگواستن‌و بارکردن‌و پەنابردن‌و ناسەقامگیری. هێشتا تەمەنم لەخوار دە ساڵیدا بوو کە لە دوای هەرەسی ١٩٧٥ پەنامان بردە بەر ئێران‌و پاشان ماڵمان چووە پارێزگای ئەنبارو بۆ زیاتر لە پێنج ساڵ لەنێوان بەغدادو فەلوجەو رومادی ژیانم بەسەربردووە تا ساڵی ١٩٨٢. ئەو سەرەتایەشم بۆیە باسکرد تا بزانن ئەو ساتانەی کە گەڕامەوە کوردستان کارایی تاراوگە زۆر بەهێزبوو لەسەرم. پرسیاری زۆر گەورە لەبەردەممدا قیت دەبوونەوەو ئەو هەموو چەرمەسەریانە بەدوای چارەسەردا دەگەڕان. گەڕانەوەم بۆ کوردستان گوڕوتینێکی تازەی پێبەخشیم، هەر لە پەنابردن بۆ خوێندنەوەی فیکری مارکسی‌و چوونە ریزی یەکێک لە حزبە سیاسیەکان‌و بەردەوامبوونی گەڕانم بەدوای کۆمەڵێک وەڵامی جیاواز بۆ کۆمەڵێک پرسیاری جیاواز، وایلێکرم لەدوا ساتدا پەنا بۆ خوێندنەوەی فیکری ئیسلامیش ببەم. هەڵبەت دەبێ ئەوە بزانین کە کارایی خێزان‌و ئەو کەشوهەوا دینداریەی کە خێزانمان بەگشتی تێیدا بوو هۆیەک بوو بۆ خوێندنەوەی ئەو فیکرەش. هەر لە دوای راپەڕینیش راستەوخۆو بەشێوەیەکی بەردەوام وەکو دیندارێکی گەڕۆک بەدوای چارەسەری کێشەیەکی عادیلانەی میللەتێکدا، خۆم لەگەڵ ئەو کۆمەڵە خوێندکارە دیتەوە کە بەنیازبوون بزاڤێکی ولاتپارێزی دینداری پێکبێنین وەکو رێگای سێیەم لەنێوان ناسیۆنالیزم‌و ئیسلامیزمدا، ئەو بزاڤە هەڵگری چارەسەری کێشەی ئەو میللەتەبێت‌و پێکهاتەیەکی نامۆش نەبێت لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی. هەر بۆیە رۆژنامەمان کە لە سەرەتای ١٩٩٣دەرکرد، نەخشەی کوردستانی گەورەی لەسەر دانراو ئەو نەخشەیەش پڕ بوو لە مەدلوولاتی جیاواز. بەڵام لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری هەمەجۆر کە پەیوەندی بە راڤەکردنەوە هەبوو، کە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا روونمکردەوە، ئاراستەی ئەو بزاڤەش هەر لە ناوەڕاستی ١٩٩٣دا لادان‌و لارێبوونی تێکەوت. یەکەم چرکەساتی هەستکردنم بەو لادان‌و لارێبوونە، یەکەم چرکەساتی هەنگاوی یەکەمی پاشەکشێی من بوو لەو شێوەو پرۆژەیەدا، واتە لە ١٩٩٣دا بۆ ئەوەی جارێکی تر روونم کردەوە، ئاراستەی ئەو بزاڤەش هەر لە ناوەڕاستی ١٩٩٣دا لادان‌و لارێبوونی تێکەوت. بۆ ئەوەی جارێکی تر لە پێشان چالاکانەتر هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بەستەڵەکانە بدەم کەمن پێم وابوون بەستەڵەکن. لە پێشەوەی هەموو شتێکیشدا خۆی هەڵوەشاندنەوەو گەڕان بەدوای خۆدامەزراندنەوەیەکی تازە کە بەشێکی دەکەوێتە دوای گەیشتنم بە هۆڵەندا لە ساڵی ١٩٩٧.

وەرگێڕانێکی ئەو نامیلکەیەش کە هەر لە ١٩٩٣دا کەوتە بەردەستم‌و دوای خوێندنەوەی وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردی، بەڵام چاپکردنی مایەوە تا سەرەتاکانی ١٩٩٦، هەوڵێک بوو بەو ئاراستەیەدا، رەخنەیەکی سادەو هێمن بوو لە پێکهاتەی عەقڵیەتی ئیسلامیەکان. هەروەها رەخنەیەکی تا رادەیەک توندبوو لە مێژووی ئیسلام‌و کۆمەڵێک دەق‌و تێکستی جیاواز. هەر لە پەراوێزی ئەو کتێبەشدا وەسفکردنم بۆ موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان بە دیماگۆج مقۆمقۆیەکی دروست کرد، ئەگەر بهاتباو وشەی دیماگۆج تێگەیشتبان بۆی هەبوو کێشیەکی گەورە درووست بکات، بێجگە لە تێنەگەیشتنیش، کێشەی نەخوێندنەوە لە خۆیدا کێشەیەکی گەورەیە بەتایبەتی لەناو ئیسلامیەکاندا، مەبەستیشم لە خوێندنەوە نەخوێندنەوەی حەرامە، چونکە ژیانی ئەوان دابەش دەبێت لەنێوان حەرام‌و حەڵاڵدا، ئیتر کتێبیش پانتاییەکی زۆری لەو حەرامە بەر دەکەوێ. بۆیەش گووتم خودی ئەو پرسیارەتان وەڵامە بۆ پرسیاری یەکەم، چونکە توندڕەوەکان قسەکردن لە فیکر بە کوفر دەزانن نەخاسمە قسەکردن لە قەیرانی فیکریش. بۆ بەشی کۆتایی پرسیارەکەش، پێموانییە گوڕو تینم کەمتربووبێتەوە، بەڵام سەرەتای گەیشتن بە ئەوروپا جۆرێک لە کپ بوون‌و شۆکبوونی لەگەڵدا دەبێ، تا بەهێواشی مرۆڤ دەتوانێ دەوروبەری خۆی بناسێت‌و زمان فێردەبێت، ئەوەش کاتێکی دەوێت. ئێستاش بەردەوام دەخوێنمەوەو جاروباریش ئەگەر بە پێویستم زانی شتێک دەنووسم. هەر بۆ زانینیشتان رۆمانێکم نووسیوەو لەژێر پێداچوونەوەدایە، لە نزیکترین دەرفەتدا هەوڵ دەدەم بکەوێتە بەردەستی خوێنەران.

**زنار: کورد لەبەر کوردبوونەکەی دەچەوسێندرێتەوە، تەنها چەوسانەوەی نەتەوەییش وجودی هەبووەو هەیە، دەمەوێ بزانم هەبوونی ئەم هەموو ئەحزابی ئیسلامیە بۆچی دەگەڕێتەوە، بەمانایەکی دی هۆکارە بابەتیەکانی پشتی ئەم مەسەلەیە چییە؟**

ئیبراهیم مەلازادە: هەڵبەتە پرسیارەکەت لە دووبەش پێکدێ، بۆ وەڵامدانەوەی بەشی یەکەمی ئەو پرسیارە، پێویستمان بە هەڵوەشاندنەوەی جومگەکانی پرسیارەکە هەیە. تۆ کە دەڵێی کورد، دەبێ بزانین کورد کێیەو لەهەمان کاتیشدا بۆ دەچەوسێنرێتەوە؟ بۆ بەدرێژایی ئەو مێژووەی کە بە ئێمە گەیشتووە کورد هەر بە چەوساوە ناسراوەو نەمانبیستووە چەوسێنەریش بووبێ؟ بەمانا سۆسیۆلۆگیەکەی بۆ هەر هەیمەنە لەسەر کراو بووەو رۆژێکیش نایەتە بیرمان هەیمەنەدار بووبێ؟ پاشان تۆ هەر لە خودی پرسیارەکەشدا حوکمی کۆتاییت داوە بەوەی کە چەوساندنەوە هەیەو نەتەوەییشە! ئایا فاکتەرەکانی ئەو چەوساندنەوەیە راستە هەر نەتەوەیین یا رەگەزی تریشی تێدا هەن؟ بەشی دووەمی پرسیارەکەش پەیوەستە بە سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی‌و هۆکارە بابەتیەکانی ئەو سەرهەڵدانە چین؟ پەیوەندی بە کۆمەڵگای کوردیەوە چییە؟.. بابێینەوە سەر بەشی یەکەمی پرسیارەکە. کورد کێیە؟ هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان لە بوون بەمانا فیزیکیەکەی نییە. چونکە کۆمەڵگایەك هەیە پێی دەڵێن کۆمەڵگەی کوردی، لەسەر پانتاییەکی دیاریکراودا دەژیت، پێی دەڵێن کوردستان. بەڵام ئایا کورد دوای مێژوویەکی دوورو درێژ توانیویەتی ببێتە ئەکتەرێکی دیارو خاوەن کارایی لە رۆژەڤی هەرێمی نێودەوڵەتیدا؟ دیارە وەڵامەکە شاردراوە نییە. راستە هۆکاری هەمەجۆر هەن‌و ئەو ماتبوونەی تاکی کورد دەرهاویشتەی ئەو هۆکارانەیە، بەڵام هۆکارەکان هەر دەرکی نین، پێموایە زۆربەی ئەو هۆکارانە پەیوەستن بە خودی کورد خۆیەوە، بەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەی کە پرۆسێسی کۆمەڵایەتی تیادا بەو ئاراستەیەدا ناڕوات. بۆ ئەوەی وەڵامەکەشمان زۆر درێژ نەبێت‌و زۆریش نەچینە ناو قوڵایی مێژوو، تەنها ئەو ١٧ ساڵەی دەسەڵاتی تاکی کورد بەسەر تواناکانی خۆیدا لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێ نموونەیەکی زیندووبێ بۆ بێتوانایی تاکی کورد بۆ دەکەوتنێکی راستەقینە، بۆ خوڵقاندنی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی کارا کە کارایی بەرهەم بێنێ. دەستەڵاتی کوردی وەکو ئەکتیڤترین‌و بە دەستەڵاترین ئەکتەری کۆمەڵایەتی لەو ماوەیەدا نەیتوانیوە زەمینە سازی ئەو چرکەساتانەی زەمەنی دوای شەڕی کوەیت‌و موغامەراتەکانی سەدام حوسێن بۆخۆی بقۆزێتەوە. چونکە تاکەکانی ئەو دەسەڵاتە تاکێکی وشیار نەبوون بەوەی کە کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی ماندوو ئاڵۆزەو کاریشیتێکراوەو داگیرکەر کارایيەکی زۆری

**ئەو کەسەی کە توندڕەو دەردەچێ، کۆمەڵگەش بەشێك لە گوناهەکانی هەڵدەگرێ. لەو پانتاییەی کۆمەڵگەش حیزب‌و دەزگا دینیەکان‌و خێزان رۆڵی سەرەکی دەبینن**

لەسەر زیهنیەت‌و پێکهاتەی کردووەو ئەو کاراییشە بەشدارە لەو بیناکردنەی کە لە هیچ چرکەساتێکی مێژوویيدا راوەستانی بۆ نییە، بۆیە ئەگەر دەسەڵاتی کوردی وشیاربایە بەو کارو کارلێکردنە کۆمەڵایەتیانە لە دوای راپەڕینەوە بە ئاراستەیەکی تەواو جیاوازکاریان دەکردو هەر هیچ نەبێ ئەو کارایيەی سیاسەتەکانی داگیرکەر لەسەر کۆمەڵگەی کوردی کەم دەبوویەوەو دەرەنجامی پۆزەتیڤیشی دەبوو لەسەر تاکی کورد. بەڵام لەدوای راپەڕین، کوردی ئەو بەشەی کوردستانی ئازاد چیدی بە دەستی داگیرکەر ناچەوسێنرێتەوە. لەو چرکەساتەدا دەستەڵاتی کوردی دەیتوانی قۆناغێکی تازە لە ژیانی ئەو خەڵکەدا بگرێتەبەر. بەڵام چەوسانەوەکە هەر درێژەی دەبێ، ئەمجارەیان کورد بە دەستی کورد. دەکرا ئەگەر وشیاريەکی گەورە بوونی هەبوایە لەناو کورد ئەو شەڕە نەکرێ‌و جومگەکانی کۆمەڵگای کوردی زیاتر دانەڕزێنرێنەوە. دەکرا خودی ئەو شەڕە ببێتە هۆی وشیاریەکی ترو هەموو لایەك بە گەمەی دیموکراسی بۆ دەسەڵات رازی بن. بەڵام بەداخەوە تا هەنووکە ئەوەش نابینین. ئاخر لەهەموو دونیا نەزانراوە دوو لایەن لە ترسی یەکتر یەکدی بگرن، یاخود لەسەر دەسەڵات‌و پارە شەڕ بکەن‌و هەر لەسەر دەسەڵات‌و پارەش بەسەر ئیرادەی جەماوەرو کۆمەڵگای خۆیاندا پاز بدەن‌و یەکتر بگرن، کە خودی ئەو یەکگرتنەش هەر بە ڕواڵەت بێت. بۆیە ئەو سیاسەتە ناحەکیمانەش هۆکارێکی ترە کە پرۆسەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی زیاتر بەرەو ناهەشی دەبات‌و وای لێدەکات سوڕی کۆمەڵایەتی بێ ئاگایی‌و بێ ئاراستە دەڕوات. ئەوەش دەرەنجامێك دەبێت بۆ زیاتر شێواندنی ئەو کۆمەڵگایەو بەردەوامبوونی شێواندنی ئەو بیناکردنەش کە ناکرێ بوەستێ لە چرکەساتێکی دیاریکراودا. چونکە هەردوو زانای ئەمریکی‌و ئەڵمانی بیرگەرو لەکمان لە بیناکردنی کۆمەڵایەتی واقیعدا پێیان وایە کۆمەڵگا لە بیناکردنێکی بەردەوامدا دەبێت‌و ئەو رەوڕەوەیەش ناوەستێ. بەڵام دەکرێ ئەکتەرەکانی بە وشیاریەوە رەوڕەوەی ئەو بیناکردنە بە ئاراستەیەکی گوونجاودا ببەن، بەوەی کە ئەو ئەکتەرانەی دەسەڵاتی کوردی بیانتوانیبایە کۆتایی بەو چەوساندنەوەیە بێنن، هەر هیچ نەبێ ببن بە ئەکتەر لەو هەموو هاوکێشانەی کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبەن بەڕێوە. راستە ئەوان هەوڵیانداوە ببنە ئەکتەر بەڵام بە ئاراستەیەکی هەڵەو سەقەت. ئەوان تا ئەو چرکەساتەش لە دوو پانتاییدا کار دەکەن کە جیاوازە لەگەڵ خواست‌و پێویستیەکانی خەڵکی کوردستان.

## زۆر جاران بینیومانە ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراقی پەیوەست بوون بەو ترادسیۆنێلەو بە ئەنجامدانی ئەرکە دینیەکانی وەکو نوێژو رۆژیش

پانتایی یەکەم. پێکهێنانەوەو دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق، ئەگەر مێژووی ئەو دەوڵەتەش بخوێنینەوە تاکی کورد هەمیشە ئەکتەرێکی کارا بووە لە دروستکردنەوەی هەموو ئەو پانتاییانەی یان نەبوونو لە نەبوون هێناویانەتە بوو، یا لەبار چوونو ئەوان بوون بە کەرەستەی دروستکردنەوەکە بۆ ئەوەی بیخەنەوە ناو پرۆسەی کۆمەڵایەتیەکە.

پانتایی دووەم. پانتایی دەسەڵاتە لە کوردستان. ئەو پاناتییەش پێناچێ ئیش لەسەر رەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەیەك بکات، چونکە دەبینین رەهەندی حیزبو عەشیرەت وەکوو پێکهاتەی کارا لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا زوومیان دەخرێتە سەرو گەشەیان پێدەدرێ. دەسەڵاتی کوردی لە رۆژی دەست بەکاربوونیەوە دەیتوانی دەستکاری هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا بکاتو بیخاتە ناو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی تەندروستت. دەکرا سەرەتایەك دەست پێبکرێ بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیو بە دەزگایی کردنی دەوڵەتو بەرزراگرتنی نەتەوە لە جیاتی خێڵو حیزب. پێموایە تا کاریش بە ئاراستەی ئێستادا بڕوات پرۆسەی بیناکردنی کۆمەڵگەی کوردی لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەچێ. حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش هەڵەیەکی گەورە دەکەن ئەگەر وا تێبگەن ئەوان لە دەرەوەی ئەو پرۆسەیەنو زەرەرمەند نابن. لێرەدا تێدەگەین کە کورد وەکو بوونێکی فاعیلانە بە تەعبیری گەورە سۆسیۆلۆگی فەرەنسی (پیەر بۆردیۆ) لە کێڵگەیەکی سیاسی کۆمەڵگەی کوردی لە لایەكو کێڵگەی سیاسی هەرێمیو جیهانیشدا لە لایەکی ترەوە، نەیانتوانیوە فاعیلی سەرکەوتوو بنو رەهەندەکانی ئەو کێڵگەیە لە خزمەتی نەتەوایەتیان تەوزیف بکەن. بۆیە دەسەڵاتی کوری لە چرکەساتی ئێستادا لە قەیرانێکی تەواودا ژیان بەسەر دەبات. لێرەدا تێدەگەین کە کورد بە درێژایی ئەو مێژووە نەیتوانیوە یاریزانێکی زیرەك بێتو گۆڵ تۆمار بکات لە یاریگای سیاسەتدا. پێموایە ساتی ئەوە هاتووە سیاسییەکانو رۆشنبیرانی کورد پرسیار لە خۆیان بکەن داخۆ کورد بۆ دەچەوسێنرێتەوە؟ ئەو چەوسانەوەش تاکەی درێژەی دەبێ؟ بەڵام بەو مەرجەی چیتر داگیرکەر نەکەین بە عەللاگەیەكو کێشەکانی خۆمانی پێ هەڵواسین. چونکە تا کورد ماڵی خۆی رێکنەخاتو وەکو ئەکتەرێکی ئازاد دەرنەکەوێ، پێموانیە بتوانن لە داگیرکەر رزگاری ببێ.

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەش کە هەر پەیوەستە بە بەشی یەکەمی پرسیارەکە بەوەی کە ئەگەر بڕیاربێ چەوساندنەوەی کورد تەنها نەتەوەیی بێ، ئەی کەواتە بوونی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان بۆ؟. لای هەمووان ئاشکرایە کە دین بەشی شێر بۆخۆی دەبات لە ترادسیۆنی کوردیدا، چ پانایەکی کوردی هەیە نەدینێرابێ، چ سیاسیەکی کورد هەیە کارایی دینی لەسەر نەبێ! لەبەر ئەوە ئامادەباشی تەواو هەیە لە مرۆڤی کورددا بۆ وەرگرتنی دین. مرۆڤی کورد ئامادە نییە بێ دین بژیت، چونکە پێکهاتەکەی پێکهاتەیەکی دینیە. ئەگەرچی پەیوەستبوون بە دین لە شارێکەوە بۆ شارێکی تری کوردنشین دەگۆڕێ، لە خێڵێکەوە بۆ خێڵێكو لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێكو هەروەکو لە کەسیشەوە تا کەسێکی تر جیاوازە، بەڵام ئەو جیاوازیە لەچەندە نەك لە جۆر. بۆیە ئەگەر ئیسلامیەك٨٠٪ پەیوەست بێت بە پرسە دینیەکان، ئەوا پارتیەكو یەکێتیەکیش هەر پەیوەستن بەڵام بەرێژەی کەمتر، تەنانەت زۆر جاران بینیومانە ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراقی پەیوەست بوون بەو ترادسیۆنێلەو بە ئەنجامدانی ئەرکە دینیەکانی وەکو نوێژو رۆژیش. سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی عێراقیش چەندین جار ئەو راستیەیان دووپات کردۆتەوە، تەنانەت رازی نەبوون موساوەمە لەسەر ئیسلامبوونیان بکرێت. بۆیە چەند هۆکارێك رۆڵی دیاریان هەبووە لە سەرهەڵدانی فیکری ئیسلامی لە کوردستان، بێجگە لە هۆکارە دەرەکیەکان.

یەکەم: ناتەبایی‌و دواتریش شەڕی ناوخۆی نێوان ئەو حیزبە کوردیانەی کە وەکو بزاڤی رزگاری نەتەوەیی خۆیان رادەگەیاند. بەتایبەتیش یەکیەتیو پارتی. لەو چرکە ساتەی ململانێی ئەوان کەوتۆتە رۆژەڤەوە خەڵکێك بەدوای ئەلتەرناتیڤی گونجاودا گەڕاون بۆ دەربڕینی ناڕەزاییان لەسەر سیاسەتە دژوارەکانی رژێمی داگیرکەری بەعس. بە هاوکێشەی زۆر سادە(أ)، مان هەیە داگیرکەر، (ب)و(ج)مان هەن لە دژی (أ)دروووست بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی هەر هۆیەك بێ ئەوان(أ)یان لە بیرچۆتەوەو خەریکی لەناوبردنی یەکن. (د)مان هەیەو بە بارودۆخەکە ناڕازییەو دەیەوێ لە دژی (أ)یان لەبیر چۆتەوەو خەریکی لەناوبردنی یەکن(د)مان هەیەو بە باروودۆخە ناڕازیەو دەیەوێ لە دژی(أ)شتێك بکات. کەسێکی عەقڵ هەیە بڵێ بڕۆ لەگەڵ (ب)یان(ج) هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی (أ)لە ناوبچێت؟ بۆیە هەر کەسێك کە کەسێك کە ئەو بارودۆخەی دەبینی بەناچاری بەدوای ئەلتەرناتیڤێکدا دەگەڕا. بەدوای فیکرێکی تردا دەگەڕا بۆ ئەوەی خۆی تێدا ببینێتەوە.

دووەم: بەهێزبوونی بیری چەپو رووبەروو



بوونەوەیان لەگەڵ تەوژمی ترادسیۆنێل لە کوردستاندا. دروستبوونی دژایەتی لەنێوان هەندێك لەو چەپانەو هەندێکیش لەو مەلایانەی کە وتاربێژبوون. لەدووتوێی ئەو ململانێیە نەزۆکەشدا چەند کەسێك لە هەردوولا کوژران. کوژرانی ئەو خەڵکانەش بێ نیشانەی سەرسوڕمان نەبوو، کۆمەڵێك ئەکتەر لەو پانتاییە سیاسیو کۆمەڵایەتیانەدا ئەکتیف بوون، لە سەرەوەی هەمووشیانەوە داگیرکەر، بەو هەموو زەبرو زەنگو سەربازو هەواڵگریانەی خۆیەوە. بۆیە یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبوونی رابیتەی عولەمای مسلمین توندڕەوی تەوژمی چەپەکانی کوردستان بوو.

سێیەم: تێکەڵی کورد لەگەڵ عەرەبو چوونی کۆمەڵێکی زۆری خوێندکاری کورد بۆ بەغداو شارەکانی تری عێراق. یەکێك لەو خوێندکارانەش مەلا عەلی باپیربوو کە لە نەجەف ساڵی یەکەمی زانکۆی خوێند. پانتاییە دینیەکانی زانکۆکانی عێراق لەو کاتەی بەهێز بوون. یەکێك لەو گۆڤارانەی کە رۆڵێکی زۆر کاریگەری دەگێڕا(التربیە الاسلامیە)بوو، ئەو گۆڤارە بە پۆستی تایبەت بۆ هەزاران خوێندکاری عەرەبو کورد دەڕۆیشت. کۆمەڵێك کەسی دیندار عەرەب لەسەر ئاستی مەلاو مامۆستاو ...هتد، رۆڵێکی وردو کاریگەریان دەگێڕا لەو بوارەوە. بەلام نابێ ئەوەمان لەبیربچێ کە هیچ پانتاییەك نەبوو لەو ولاتەدا بەعسیەکان کۆنترۆڵیان نەکردبێت. پاشان مەلا عەلی باپیر دێتە کوردستانو (مرۆڤی موسڵمان کێیە؟) لە دوو توێی نامیلکەیەکی بچکۆلەدا دەنووسێت. کۆمەڵێك خوێندکاری کورد لە بەغدا دەیانخوێندو پەیوەندیەکی توندو تۆڵو دروست دەکەن لەنێوان ناوەندەکانی بەغداو کوردستان. ئەوە بێجگە لەوەش کە من دەست تێوەردانی رژێم لەو مەسەلەیە بە دوور نازانم. چونکە بۆ رژێمی داگیرکەرێکی پۆزەتیفە جیاوازیە نەتەوەییەکان کەم بکرێنەوە وەکو رێگاچارەیەك بۆ بێهێزکردنی گیانی نەتەوایەتی. ئەوە بێجگە لەو کۆنە ئیخوانەش کە پێشتر لە کوردستان هەبوونو یەکەم خانەیان لە هەڵەبجە دامەزراندبووو پاشان لە سەرەتای هەشتاکاندا بە شێوەیەکی نا رێکخراوەیی یان رێکخراوەیی کەوتنە خۆو بانگی خەڵکیان دەکرد بۆ ئیسلامی سیاسی. کەواتە کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز هەبوون لە پشتەوەی دروستبوونو ئەکتیف بوونی ئیسلامیەکان لە کوردستان.

زنار: سەبارەت بە رێچکەکانی ئیسلام یان ئەحزابی ئیسلامی قسەمان بۆ بکە، پێتوانیە ئەوە دەلیلی ئەوە بێت کە موسڵمانان تا ئێستاش لە برایەتی نێوان خۆیان تێنەگەیشتوون؟

ئیبراهیم مەلازادە: بنەمای برایەتی زانستی ئەتۆم نییە خەڵك تێینەگات. هەموو خەڵك باشەو خراپە لێك دەکاتەوە. کێشە لە تێگەیشتنو تێنەگەیشتندا نییە. شتەکانیش بەو ئاراستیەدا بەرێوە ناڕۆن. ئێمەش لێرە باسی راڤەکردنی زانستیانەی کێشەکان دەکەینو لە مزگەوت دانەنیشتووین باس لە ئەخلاق بکەین. هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر وابیربکەینەوە کە تەنها یەك ئیسلام لەو بوونەوەرەدا هەیە. هەڵەیەکی گەورەتریش دەکەین ئەگەر هەموو شتەکان تەنها بەشێوەیەکی ئایدیاڵ لێکبدەنەوەو لەسەرەوەی کۆمەڵگاو پێکهاتەکانی باس لە تێکستەکان بکەین. لەبەر ئەوە هەر چرکەساتێکی مێژوویی لە دایکبووی بارودۆخی تایبەتی خۆیەتی جیاوازە لە چرکەساتەکانی پێش خۆیو دوای خۆی. چرکەساتی پێشمردنی پێغەمبەری جیاوازە لەگەڵ چرکەساتی دوای مردنی. ئەو برایەتیەش کە لە پێش مردنی پێغەمبەر هەبووە. جیاواز بووە لەو برایەتیەی کە لە دوای ئەو مردنەدا هەبووە. چونکە کردەی بیناکردنی کۆمەڵایەتی لە چاوڕوانی کەسدا ناوەستێ. رووداوەکان موڵکی چرکەساتی لە دایکبوونیانن. بێجگە لەوەش پەیوەندیەکان بەو شێوە سادەییەشی ناکرێتەوە. ئێمە لەناو هەر پانتاییەکی کۆمەڵایەتی یا دینی یا ئابووری یا رۆشنبیریدا هەیمەنەدارو هەیمەنە لەسەر کراومان هەن. ئەو ساتو کاتانەی هەیمەنەدارەکان باسی برایەتیو خودا پەرستی راستەقینەو بەهەشتو دۆزەخ دەکەنو ئەخلاق دابەش دەکەن، ململانێیەکی ژێربەژێر هەیە بۆ ئەوەی هەیمەنەدارەکان هەیمەنەی خۆیان لەرێی ئەو وتارە ئەخلاقیە بپارێزن. هەیمەنە لەسەر کراوەکانیش یان هەوڵی دەرچوون لە هەوڵی هەیمەنەدارەکان دەدەن یا تەسلیمی واقیعەکە دەبن. دەیان شێوازی جیاواز هەن بۆ ئەوەی هەیمەنە لەسەر کراوەکان تەعبیر لە رەفزکردنی بارودۆخی هەیمەنە لەسەرکراوی خۆی بکات. لێرەدا ئەکتەرەکان هەر یەکەو بە شێوازێك وتارێك بەرهەم دەهێنن بۆ ئەوەی ململانێکە بەرەو پێش بچێتو مەوقیعەکەیان گۆڕانیان بەسەردابێت. بۆیەی دەبێ لەو دیدگایە تەماشای کێشەکان بکەین چونکە ئەخلاق لە هەموو ململانێکاندا بە توندی ئامادەیە، بەمانای پابەندبوون یان پابەند نەبوون بە ئەخلاق، بەڵکو ئەخلاق زۆربەی جاران چەکێکە بۆ گەیشتن یا پاراستنی دەستەلات. ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی زانستیانە راڤەی ژیانی سەرکردەو خەلیفەو کادرە بالاکانی نێو دەسەلاتەکانی مێژوو بکەین، دەتوانین وەلامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە داخۆ ئەو هەموو خوێنە بۆ رژاوە؟. ئەی دەقێکمان نەبووە لەسەر برایەتی؟ بەلام هەر لەسەرەتاوە خوێن هەر رژاوەو ئەو دەقەش بوونی هەر هەبووە. ئەمڕۆش هەر دەرژێو هێشتاش ئەو دەقە رەسمەکەی هەر ماوە. فاعیلیەتی ئەو دەقانە لەبەر ئەوە نییە داخۆ موڵکی زەوین یان ئاسمان! بەڵکو کێ بەرژەوەندی لە چەسپاندنی ئەو دەقانەدا هەیە؟.



# ئەزموونی چیا



هێمن مەهدی نەقشبەندی

## تۆ لە هەرێمی داڵغەچیانی..

پەیمانگەکانی تۆژینەوە لە وڵاتانی رۆژاوا، جۆرێ لە رێنیشاندەرو چاوساغن بۆ حکومەتەکان. تەنانەت بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلە نێودەوڵەتیەکان، کە بۆ وڵاتی خانەخوێ گەلێ چارەنوسسازن، ئەم سەنتەرو ئینستیتۆیانە رۆڵی کاریگەرو گەورە دەبینن، رەنگە ئێمە لە سەنتەرەکانی خۆمانەوە، تەماشای ئەوانیش بکەین، کە بەڕاستی هەندێکیان ئەکتیف نین‌و نەبوونیان باشترە، بۆیە زۆرجار توشی شڵەژان دەبین لە گۆڕانی ئاراستەی پێشهاتەکاندا، هەموان(راسپاردەکانی بێکەر-هاملتۆن)یان لەبیرە، کە میدیاکانی کوردستان گرەویان لەسەر جێبەجێنەکردنی دەکرد، دەیان وتارو دیمانە لەوبارەوە بڵاوکرایەوە، کە ناوەندە سیاسییەکانی خۆشمانی بەرەو خۆشباوەڕی برد، دواتریش بینیمان کە ئیدارەی ئەمریکی لەسەرخۆ هەنگاوەکانی ئەو راسپاردانە، چۆن پیادە دەکات.

ئەم سەنتەرو ئینستیتۆیانە، بەشێ زۆری رۆژنامەکانی ئەمریکایان پڕکردووە، لەسەر ئێراق‌و کورد بە تایبەتی، لەوانە ئەنستیتۆی(برۆکینگز) کە دوو کەسی راسپاردووە بۆ قسەکردن لەسەر پێگەی کورد لە ئێراقدا، یەکێکیان(مایکڵ ئۆهانلۆن)و ئەوی دیکەیان( عومەر تاسپینار)، لە بابەتەکەیاندا داوا لە کورد دەکەن (واقیعیانە) بیربکەنەوەو نەبنە هۆی پشێوی لە ناوچەکەدا، بە تێروانینی (واقیعیانە)ی ئەو لێتۆژەرەوەیە، ئێراق تەنیا دوو سێ کێشەی تێدایە( گرێبەستە نەوتییەکان- راپرسیی کەرکوك) کە کورد گرێکوێرەی لێئاڵاندوون‌و دۆخەکەی بەرەو گرژیی بردووە. لەبەرئەوە داوا دەکەن لە کورد بێتەوە هۆش خۆی‌و (واقیعی) بێ، ئەقڵانیانە رەفتار لەگەڵ رەوشەکەدا بکات، نەبادا لە ئێراق‌و ئەمریکاش بشێوێ.

ئیدی ماڵپەڕە عەرەبییەکانیش وەك سەرنجڕاکێشترین بابەت نمایشیان کردووە، کە لە پەراوێزەکانیاندا، چەندینجار ئەوە دوبارە کراوەتەوە، کە کورد شوێن کڵاوی بابردوو کەوتووەو (هەمام حەمودی) واتەنی(کورد ئەو سەنگەی جارانی نەماوە) گەرچی (هەمام) بەخۆی سەر بە فراکسیۆنێکە کە هاوپەیمانە لەگەڵ کوردا !.

واقیعیبوون وردبونەوەیە لەو رووداوانەی رۆژانە لە شارەکانی ناوەراست‌و باشوری ئێراق، بونەتە بەشێ سەرەکی لە ژیانی رۆژانەی خەڵك، بەپێی هەندێ راپۆرتی زانستی، نەخۆشی ئازاری گوێ(گوێسەنگینی یان کەڕیی) بەرێژەی ٦٥٪ لە بەغداو شارە بارگرژاوییەکانی دیکەدا زیادیکردووە، هۆکاری سەرەکیش تەقینەوەکانە، نەخۆشییەکانی پێستیش بە هەمان رێژە. هەتا ئێستاش تێکڕای کوشتن لە هەفتەیەکدا لەناو شاری بەغدا لە ٢٦٠ کەس کەمینەکردووە، کە پلانی سەپاندنی یاسا تێیدا بەردەوامە. حکومەت‌و پەرلەمانی ئێراقی لە دەرەوەی(گرین زۆن) بوونی نییە. زۆرینەی زۆری بەرپرسانی ئەم ئێراقە بێ کێشەیە، ماڵ‌و خێزانیان یان لە هەرێمی کوردستانە، یان لە ئوردنە، یا سوریا یاخود ئەوروپا. پارێزگاکانی باشوور لەنێو قاچاخچیانی مەوادی هۆشبەرو پترۆڵدا نغرۆبوون، تەنیا لە ماوەی ٣ مانگدا ١٠٥٣ تەنکەری سوتەمەنی لەنێوان بەسراو بەغدا، خاڵی کرانەوە لەلایەن نەناسراوەوە(مجهول) وەك وەزارەتی نەوت دەڵێ.

وەختێ کورد ئەنفال دەکرا لەلایەن سەدامەوە، دەوڵەتانی جیهان زۆر (واقیعیانە) سەردانی بەغدایان دەکرد، کاتێ هەڵەبجە کیمیاباران دەکرا، بەرپرسانی دنیا (واقیعیانە) زاناکانیان دەنارده هەڵەبجە، تا بزانن چەکە کیمیاوییەکان کاریگەرن یان نا. (جیم نۆلان)ئەندامێکی دێرینی پارتی کرێکارانی ئوستڕالیایەو سۆشیال دیموکراتە، لە نوسینێکیدا لە ماڵپەڕی(online opinion) دەڵێ ( کوردەکانی ئێراق بۆ ماوەیەکی دوور، قوربانی(واقیعی) سیاسەتەکانی دەرەوەی راست‌و چەپ بوون، چی دەبێ گەر داوای لێبوردن لەچەندین دەیەی فەرامۆشکردنتان لەبەرامبەر کۆمەڵکوژیی کورد بکەن). لەنێو سیاسەتدا کە پەنتاییەك بۆ مۆراڵ (ئەخلاق) نەمایەوە، هەموو دەستەواژەکان مانای راستەقینەی خۆیان لەدەستدەدەن، ئیدی ئاسان دەبێ، داکۆکیکردن لە مافی خۆت بە خەیاڵ‌و داڵغەچێتی لێکدرێتەوە.

# ڕۆڵی پەروەردە لە بنەما فیکریەکەیدا



نەسرین حەسەن

فەرهەنگی هەر نەتەوەیەك پێناسەی ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو نەتەوەیە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەی، بیرو هزری تاك پەروەردە دەكرێتو بناغەی ژیان كۆمەڵایەتی لەسەر دادەڕێژێت، تاك لەو كۆمەڵگایەدا بەبیرێكی فراوان دەڕوانێتە ژیان، هەر تاكێكی ئەو كۆمەڵگەیە بێ جیاوازی(نێر، مێ) دەتوانێ لەو زانستە سەردەمیانە سودمەندبێتو نموونەیەكی كاراو ئەكتیف بێ بۆخۆیو كۆمەڵگاكەی، ئەوەش ئەوكاتەیە كە فەرهەنگی ئەو كۆمەڵگایە لە ئاستێكی بەرزی زانستی دابێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر فەرهەنگی نەتەوەیەك لە ئاستی بەرزدانەبێتو بەپێی بارودۆخی سەردەمیانە پێشكەوتن بە خۆیەوە نەبینێ، ئەوا بنەمای فیكری تاكەكان سنوردار دەبێتو دەخرێتە قاڵبێكی درووستكراوی كۆمەڵگەیەك كە هەڵگری یاسایەكی داخراوە كە هیچ گۆڕانكاری تێدا روونادات، هەڵبەتە لەو چوارچێوە داخراوەشدا تاك بیرتەسكانە هەنگاو دەنێتو بەها مرۆڤایەتیەكان لەو ئاستەدا پێناسە دەكرێن. گەشەسەندنی بنەما فیكریەكان لەو قۆناغەدا پێگەیەكی نایەكسانو نادپەروەرانە لە نێوانیان دروست دەكات بەتایبەتی لەنێوان ڕەگەزەكاندا (نێر، مێ)، هەر لەو پێگەیەدا دیاردە كۆمەڵایەتیو پێشێلكاریەكان سەرهەڵدەدەنو حەزو ئارەزووەكان سنوردادەكرێنو پەروەردەیەكی نا درووستو نازانستیانە دێتە ئاراوە كە كار لەبیرو هزری كۆمەڵگە بەگشتی دەكات، بەتایبەتی منداڵان.

كۆمەڵگەی كوردی سەرەڕای ئەو هەموو ئازارو مەینەتیەی كە چەشتوویەتی تا ئەمڕۆش لە خەباتو تێكۆشانی خۆی بۆ دەستەبەركردنی مافەكانی بەردەوامە. هەمووی بە نۆبەی خۆی كاریگەری لەسەر ژیانی كورد هەیەو ئاسەواری لەناو هزری تاكەكاندا هەر دەمێنێ بەتایبەتی منداڵ كە زۆر بە خێرایی وەرگری شتەكانی دەوروبەریەتی، ئەمڕۆ سەردەمی تەكنەلۆژیاو فێربوونی زانستو ململانێكانە بۆ دۆزینەوەی شتی نوێتر كە زیاتر لە خزمەتی مرۆڤ دەبێت لە پەرەسەندندایە، بەڵام كاریگەری شەڕو ناكۆكیو خامۆشی لەهەندێك وڵاتدا بۆتە هۆی دواكەوتنی ئەو وڵاتانە لەو بەهرە زانستیە، لێرەدا دەتوانم بڵێم كە كۆمەڵگەی كوردیش تارادەیەك یەكێكە لەو وڵاتانەی كە هەنووكە نەیتوانیوە بگاتە ئەو ئاستەی كە تەنانەت زانستیانە كەڵك لەو شتانە وەربگرێت كە لە وڵاتەكەیدا هەیە، سەرەڕای ئەمەش ئاسەواری توندوتیژیو شەڕو ئاژاوە تارادەیەكی بەرچاو لەبیری خەڵكیدا هەیە، بۆ نموونە منداڵی كورد تاكو ئێستاش حەز بەیاری شەڕو پێكدادان دەكاتو خۆشەویسترین كەلوپەلی یاریەكانی چەكو تەقەمنییەو زیاتر چێژ لەو فیلمانە وەردەگرێت كە بابەتی توندوتیژیو كوشتارە.. ئەمەش لە ڕاستیدا زەنگێكی مەترسیدارە بۆسەر كۆمەڵگاكەمان كە هەرەشە لە فەرهەنگی كورد دەكات. كەواتە لێرە زۆر پێویستە منداڵ لەجیاتی فەرهەنگی شەڕ، فێری فەرهەنگی ئاشتیو تەباییو پێكەوە ژیان بكرێت.

دیارە هەر بابەتێك كە ئەمڕۆ بمانەوێت باسی لێوە بكەین گرنگیەكی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام لایەنی پەروەردەیی زۆر گرنگە گەر بایەخی پێبدرێت، ئەویش بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریو كۆمەڵایەتی وڵاتەكەمان، لەبەر ئەوەی منداڵی ئەمڕۆ، نەوەی دوا ڕۆژە بۆ گەیشتن بە قۆناغەكانی پێشكەوتن، كەواتە چۆنو لەكوێ دەست پێبكەین؟. ئەمڕۆ كە باس لە چاكسازی پەروەردەیی دەكرێت. دەبێ لە خێزانەوە دەستپێبكەین، تا دەگاتە قوتابخانەو زانكۆكانو دواتریش كۆمەڵگە، كە پێكهاتووە لە هەموومان.. كەواتە، ئەو پەروەردەیە دەبێ هەموو تاكێك بگرێتەوە، ئەگەر دایكو باوك لە ناو خێزاندا زیاتر تیشك بخەنە سەر چۆنیەتی پەروەردەكردنی منداڵ، ئەوا هەنگاوێكی مەزنە بۆ بەرەوپێشچوون، لەلایەكی دیكەوە مامۆستایانی قوتابخەو زانكۆكانیش دەبێ زیاتر بایەخ بە بواری پەروەردە بدەن، نەك تەنیا خوێندن، لە ڕاستیدا (پەروەردەو خوێندن) دەبێ ئامانجی سەرەكی هەر مامۆستایەك بێت. منو تۆش وەكو مامۆستاو هەر پلەو پایەو پێگەیەكدابین، دەبێ ڕۆڵێكی ئیجابیو كاریگەرمان هەبێت لە بواری پەروەردەدا. بۆ نموونە ڕاگەیاندن ڕۆڵێكی زۆر گرنگ دەبینێت لەم بوارەدا، بەداخەوە ڕاگەیاندنی كوردی تاوەكو ئێستاش بەرنامە زانستیو ڕۆشنبیرییەكانی لاوازەو نەیتوانیوە بەپێی پێویست خزمەتی منداڵ بكات، پەرتوكخانەیەكی تایبەت بە منداڵان نیە كە بتوانرێ هزری منداڵی دەستەبەربكاتو ئاستی زانستی بەرەو پێش بەرێتو تەنانەت تایبەت بە منداڵانیش بە كوردی زۆر كەمەو باس كردن لەو لایەنەش زۆر هەڵدەگرێتو لەوانەیە منیش لەو ئاستەدا نەبم بتوانم تیشك بخەمە سەر هەموو خاڵەكان، بەڵام ئەوەی ویستوومە بیوروژێنم ئەو بوارە گرنگەیە كە تایبەتە بە بیری منداڵ كە دەبێ زیاتر بایەخی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بناغەیەكی فیكری باش دامەزرێنن بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی فەرهەنگی وڵاتەكەمان.

# ئەو مەترسیەی حکومەت بیری لێناکاتەوە

## چۆڵبونێکی دیکەی گوندەکانی بناری قەندیل



خێزانێکی بناری قەندیل کە بەهۆی بۆردومانی فرۆکەکانی تورکیا ئاوارەبوون

**کامەران عەبدە ساڵح**

بۆردومانی گوندەکانی سەرسنور، جگە لە گەیاندنی زیانێکی زۆر بە داهاتی گوندنشینەکان، کۆمەڵێك سلبیاتی دیکەی بە دوای خۆیدا هێناوە، یەکێك لەو دیاردانە هەروەك (حاجی خالند) باسی لێوەکرد مانەوەی هەندێ لە ماڵە ئاوارەکانە لە شارەکان‌و نەگەڕانەوەیانە بۆ زێدی خۆیان، کە ئەمەش سەرەتایەکی ترسناکە بۆ چۆڵکردنی یەکجارەکی گوندەکان، (ئەوەندەی ئاگاداربم نزیکەی دە ماڵ بەڵێنیانداوە بۆ لەمەودوا بە یەکجاری لە قەلادزێ بمێننەوەو نەگەڕێنەوە گوند). حاجی خالند هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە دەیان ساڵە دانیشتوانی ئەو گوندەسنوریانە لە ترس‌و دڵەڕاوکێدا ژیان بەسەردەبەن‌و، بەردەوام لە ژێر فشارو هەڕەشەی وڵاتانی دراوسێ (تەنانەت حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقیش)دان.

"ئەنوەر محەمەد" نمونەی یەکێك لە سەرپەرشیاری ئەو خانەوادانەیە کە بڕیاریداوە ئیدی لە قەلادزێ نیشتەجێ ببێت گووتی" هەرچەندە قومێك ئاوی کانیاوەکانی گوندەکەم بە ساڵێك ژیانی ناوشار ناگۆڕمەوە، بەڵام چیبکەم دەسەڵات نیە، لە پێناو بەرژەوەندی ماڵ‌و منداڵم‌و لەبەر ناجێگیری بارودۆخی ناوچەکەمان ناچارم دواجار ژیانی شار هەڵبژێرم". لەبارەی ئەوەشەوە کە ئایا دوای هاتنی بۆ شار ڕەزو باخ‌و زەویە کشتوکاڵیەکانی چی لێدەکات گووتی" لەبەرئەوەی توانای هاتوچۆم نیەو ناگونجێ خۆم لە شارو بەروبومیشم لە گوند بێت، ئەوا بێگومان هەمووی دەفرۆشم".

«مام غەریب» یش بە هەمانشێوە بڕیاریداوە ئەو دوسەد سەر ئاژەڵەی کە هەیەتی بیانفرۆشێت‌و لە ئاواییەکەی ئۆغر بکات، خۆی گووتەنی" ئیدی لە بگرەو بەردەی تۆپ‌و خومپارەکان ڕزگارم دەبێت".

شەوی ١٥/١٦/٢٠٠٧ پۆلێك فڕۆکەی جەنگی تورکیا، بەبیانووی بوونی بنکەو بارەگای پەکەکە لە ناوچەکەدا بۆردومانی گوندە سنوریەکانی هەرێمی کوردستانیان لە بناری قەندیل کرد. بەوهۆیەوە زیانێکی زۆری گیانی‌و ماددی بەر خەڵکی ناوچەکە کەوتو، سەدان خێزانیش ماڵ‌و حاڵیان جێهێشت. لە سەرەتای تۆپبارانەکانەوە تا ئێستا، سەدان خێزانی دانیشتووی گوندەکانی بناری قەندیل گوندەکانی خۆیان جێهێشتووەو زۆربەیان لە ناحیەی سەنگەسەر ژیان بەسەردەبەن.

(ناتوانم بگەڕێمەوە، کێ زەمانەتی ئاساییبونەوەی یەکجارەکی بارودۆخی ناوچەکە دەکات! ڕەنگە هەر ئەمڕۆ بۆردومان دەستپێبکاتەوە) ئەمە قسەی مام عەلی مەحمودە کە ماوەیەکی زۆرەو هەر لەگەڵ بۆردومانەکانی ئەمدواییەی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ماڵ‌وحاڵی خۆی لە گوندی (کانی قولکە)ی بناری قەندیل جێهێشتووەو، ئێستا لەگەڵ حەوت ئەندامی دیکەی خێزانەکەیدا لە سەنگەسەر نیشتەجێیە.

«پورە مەنیج»ی تەمەن پەنجا ساڵ کە زۆر بێزاربوو لە ژیانی ژێر چادر بە تایبەت لە ئێستادا کە وەرزی ساردو سەرمایە، بە قورگێکی پڕ لە گریانەوە گووتی" ناکرێت هەموو ڕۆژێك لە ڕاکردن‌و ماڵگواستنەوەدابین، تا دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم گرەنتی ئەوەمان نەدەنێ کە ئیتر بۆردومان ناکرێینەوە، ناگەڕێینەوە". هەروەها گووتی" تا بڵێی ژیانمان سەختە، لەڕوی ئابوریەوە زیانێکی زۆرمان پێگەیشتوە، ڕەزو باخەکانمان بە ئاگری تۆپەکان سوتاون، ئەوانەشی کە ماونەتەوە بەبێ خزمەت‌و بێ چاودێری جێمانهێشتون".

«بایز ڕەسوڵ»یش لە قسەکانیدا ئەگەرچی نکوڵی لەوەنەکرد کە خەڵکی ناحیەی ژاراوەو سەنگەسەرو ناوچەکانی دی هاوکاری دێهاتنشینەکانیان کردوە لە کاتی ئاوارەبونیاندا، بەڵام ئاماژەی بەوەشدا کە سەرەتا هەندێ لە دانیشتوانی ئەو شوێنانە هەستی خێزانە ئاوارەکانیان بریندارکردوەو پێیانوتون کە ئێوە لەپێناو وەرگرتنی چەند کیلۆ ئاردێکدا زێدی خۆتان جێهێشتوە، تەنانەت ئامادەنەبون بۆ چەند ڕۆژێکیش لە ماڵەکانیاندا جێگەیان بکەنەوە! ڕەخنەی لە بەڕێوەبەرێتی ناحیەی سەنگەسەریش گرت بەوەی ئەو کەلوپەلانەی بەسەریاندا دابەشنەکردوە کە لەلایەن ڕێکخراوی سەنتەری خێرخوازی ڕایەڵەوە بۆ هەر خێزانێکی ناوچە زیانلێکەوتوەکان دابینکراوە.

دواجار سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرێتی ناحیەی سەنگەسەر بۆمان دواو، گووتی" زەمانەتی ئەوە ناکرێت کە بەم زوانە بارگرژیەکە کۆتایی پێ بێت، هەر لەبەر ئەمەشە ویژدانمان ڕێگەمان پێنادات داوا لە کەس بکەین بگەڕێتەوە شوێنی خۆی".

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا کە بۆچی ئەو چادرو کەلوپەلانەتان بە یەکسانی بەسەر خێزانەکاندا دابەشنەکردوە کە سەنتەری ڕایەڵ بۆ دانیشتوانی گوندە زیانلێکەوتوەکان دابینیکردوە، سەرچاوەکە گووتی" ڕاستە سەنتەری ڕایەڵە هاوکاری ماڵە ئاوارەکانی کردووە، بەڵام ئێمە بەپێویستمان زانی تەنها بیدەینە ئەو ماڵانەی کە گوندەکانیان بۆردومان کراوە، چونکە هەندێك لەو ماڵانە تەنها مەترسی بۆردومانیان لەسەر بووە بۆیە هاتونەتە سەنگەسەر".

# لە قەڵەمڕەوی نووسیندا

خدر ئیبراهیم دەینووسێت

لەهەر ولأتێکدا کە سیستەمی حوکمڕانی بەشێوەیەکی یاسایی‌و دەستووری بەڕێوە بچێت، یاساو دەستور بڕیار لەسەر ئەوە دەدەن کە هەندێ جومگەی زیندووو گرنگی ولأت لەنموونەی سیستەمی خوێندن‌و سەرژمێری دانیشتوان‌و پرۆسەی ئاڵوگۆڕی دەسەلأت بەشێوەیەکی زەمەنی ڕێکبخرێن، بەواتایەکی دی هەر کام لەجومگەو کەناڵە گرنگەکانی ولأت پێویستە لەسەر پرۆگرامێکی بەجێ‌و دیاریکراو بڕۆن، بێ ئەوەی میزاجی تاکەکەسی یا دەستە جەمعی گرووپێك یا پارتێکی سیاسی دەستی تێوەربدات‌و مەیلەکانی خۆی تیادا پراکتیزە بکات. بۆ نموونە کاتێك دەستوور ماوەی سەرژمێری کردنی دانیشتوان بەچەند ساڵێك دیاری دەکات، ناکرێت ئەم پرەنسیپە گەمەی پێ بکرێت. بەهەمان شێوەش ئەم پرۆگرام‌و ڕێسایەی لەپرۆسەی فێرکردندا پەیڕەویلێدەکرێت، ناکرێت بە ئاڵوگۆڕی کارەکتەرەکان‌و میزاجی حزبی ناوچەی لەمیانی شەوو رۆژێك یا مانگێك بۆ مانگێکی دیدا ئاڵوگۆڕی تیایدا بکرێت‌و بە ئیجتهادە(خوودیەکان)نەك(گشتی یەکان)چەندین ڕێساوبڕیاری پێکهاتە بخرێنرێتە نێو پرۆسەی خوێندن‌و شیرازەکەی بشوێنرێت، کە بەداخەوە لەکوردستاندا ئەو پێشهاتە بەشێوەیەکی ترسناك تێبینی کراوە. پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی لەماوەی ساڵێکدا دووجار بڕیاری گۆڕینی مەنهەجی وانەیەك دەدرێت، لەومیانەشدا ملیۆنان دۆلار لەدوای ڕەفزکردنی کتێبە جۆراوجۆرەکانەوە بەفیڕۆ دەدرێت! یاخود لەدوای تێپەڕینی نیوەی وەرزی خوێندندا ئاڵوگۆڕ لەکتێبکیدا بکرێت، یا ڕەفز بکرێت، یا لێی زیاد بکرێت! بۆچی بەنوسراوی فەرمی بەشێك لەوانەیەك تەرك دەکرێت، کەچی لەتاقی کردنەوەی کۆتاییدا پرسیار لەو بەشە وازلێهێنراوە دێتەوە! لەبەرچی بڕیار لەسەر پێدانی مۆڵەتی مامۆستایان دەدرێت لەبارودۆخێکی پێویستداو کەچی پاش ماوەیەك هەڵدەوەشێنرێتەوە! ئایا ئەوە ناکارایی سیستەمی بڕیاردانە یا نیشاندانی دۆخی ناجێگیری کاراکتەرە بەرپرسەکانی ئەو بوارەیە! کاتێك سەرنج لە سیستەمی تازەی خوێندن دەدەیت، کەڕاستەو راست لە ژێر سێبەری ئەزموونی ئەوروپادا فۆتۆکۆپی کراوەو هەوڵدەدرێت لە کەمترین ماوەدا بەسەرکەووتویی بگات، بۆت دەردەکەوێت کە(لایەنی پەیوەندیدار)نەك نەیتوانیوە پەی بەحەقیقەتی ناباوی ئەو سیستەمە بۆ واقیعی ئەمرۆی کوردستان ببات، بەڵکو لەڕێ‌ی درك کردن بە کۆمەڵێك خەوشی زەقی دیەوە هێندەی دی سەرکەوتنی ئەو پرۆسەیە دەچێتە ژێر پرسیارەوە......

- چۆن دەکرێت داوای پیادەکردنی سیستەمێکی شێوە رۆژئاوایی بکرێت، لەکاتێکدا زۆرێك لەپۆلەکانی خوێندن لەزۆربەی خوێندنگاکاندا ژمارەی خوێندکاران جمەیان دێ‌و لە(٤٠)بەسەرەوەیە!.
- چۆن دەکرێت داوای سەرکەوتنی ئەو سیستەمە بکرێت، لەکاتێکدا زۆرینەی قوتابخانەو خوێندنگاکان تەنانەت بەهۆی نەبوونی تەباشیری ڕەنگاورەنگەوە، کە هۆکاری ڕوونکردنەوە زانستی یەکانن، لەدەستەوەستیدابن!.
- چۆن دەکرێت لە ئەمساڵدا بڕیار لەسەر لابردنی تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵ بدرێت، کەچی هەر لە ئەمساڵدا نەخشەی دووبارە گەڕاندنەوەی تاقی کردنەوەی نیوەی ساڵ بۆ ساڵی داهاتوو بکێشرێت لەژێر ناوی(کۆرسی یەکەم)دا!.
- چۆن دەکرێت خەون بەسەرکەوتنی ئەو سیستەمە تازەیەوە ببینرێت، کەچی هێشتا بینای زۆرێك لە قوتابخانەو خوێندنگاکان لە بەندیخانە بچن، بەهۆی وێرانی‌و دێرینی بیناکانەوە!.
- چۆن دەکرێت هانی سەرخستنی ئەو سیستەمە تازەیە بدرێت، لەوەختێکدا بەهۆی کۆبوونەوەی چەند خوێندنگایەك لەنێوتاکە بینایەکدا، مامۆستاکان لەترسی دەستپێکردنی دەوامی دواتر پەلەیان بێت‌و وانەکانیان تەواو بکەن!.
- چۆن دەکرێت لەمیانی ئەو سیستەمەوە داوای بەرەو پێشبردنی ئاستی زانستی‌و خوێندکارو قوتابی بکرێت، لەکاتێکدا بەشێوەیەکی رەها بوار بۆ ئازادی ڕەفتارو نەهاتن(غائیب بوون)و میزاجی تایبەتیان والأدەکرێت!.
- چۆن دەکرێت بانگەشە بۆ سیستەمێکی نوێ بکرێت‌و، هەوڵی ڕاکێشانی گەورەو بچووکی ئەو ولأتە بۆ ناو پرۆسەی خوێندن‌و فێرکردن بدرێت، لەکاتێکدا دواتر دەرگای دامەزراندن بەڕوویاندا دابخرێت!.

ئەگەر سیستەمی نوێ‌ی خوێندن بەدیوە تیۆریەکەیدا ڕەنگێکی سەرکەوتوو بەخۆوە بکرێت ئەوا لەبواری پراکتیزەکردندا لەخەون دەچێت، زیاتر لەوەش، خوێندنی ئەو ولأتە پێویستی بەو سیستەمە نوێیە نەبوو لە ئێستادا، بەڵکو زۆرتر پێویستی بەزنجیرە چاکسازیەك هەبوو لەهەندێ ڕەهەندی دیدا، کە بەداخەوە پشتگوێ خران یا لە بەرچاو نەگیران، ئەوانیش ئەمانەن.

- قەیرانی کەمی بیناو قەڵەبالغی خوێندکارو قوتابی لەپۆلدا.
- خراپی بژێوی مامۆستاو کاردانەوەی لەپرۆسەی خوێندن‌و فێرکردندا.
- کەمی سەرچاوەکانی فێرکردن‌و کەرەستە پێویستیەکانی خوێندن لە نمونەی کتێب‌و قرتاسیەوکورسی‌و تەباشیرو تاقیگەو نەگەیشتنیان لەکاتی خۆیدا.
- دەستێوەردانی حزبی‌و ڕێکخراوەیی لە کایەی خوێندندا.
- بەسەر پێیی دامەزراندنی مامۆستایان‌و لەبەرچاونەگرتنی مەرجە ئەکادیمی‌و دەروونی‌و کردەییەکانیان.

جارێکی دیکەش دەڵێم خەونی چارەسەرکردنی بەشێك لە گرفتەکانی پەروەردەو فێرکردن لەو ولأتەداو، کەمکردنەوەی قەیرانە ڕووحی‌و دەروونی‌و پەروەردەییەکانی مامۆستایان‌و خوێندکاران بە پلەی یەکەم لەو پێنج خاڵەدا بەرجەستە دەبن، پێش ئەوەی لەنێوداتای هەر سیستەمێکی نوێ‌ی دیدا بەدوایدا بگەڕێین.

# دکتۆر کەمال میراودەلی: کۆمەڵی ئێمە هەمووی ساختەیە ڕۆژنامەو ڕۆشنبیرەکانی ساختەن



لەدوا سەردانیدا بۆ کوردستان‌و لەشاری قەڵادزێ لە کۆڕەکەی ئامادەبووین، دوای کۆڕەکە لە وتووێژێکی کورت‌و سەرپێیدا باسمان لە هەندێك باس‌و خواسی رۆشنبیری‌و سیاسی کرد، ئێمە وەك ستافی گۆڤاری زنار خۆمان پێناساندو چەند دانەیەکمان لە گۆڤارەکە دایە. ئەو زۆری پێخۆش بوو، دەستخۆشی لێکردین‌و هانیداین کە هەوڵ بدەین بەردەوامی بە کارەکەمان بدەین، هەر لەوێ پێشنیاری دیدارێکمان لەگەڵ کرد ئەویش بەڵێنی پێداین، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی زۆرو گەڕانەوەی لەپڕیان بۆ دەرەوەی وڵات ئەوکات دیدارەکە سەری نەگرت. دوای ماوەیەك بە ئیمەیڵ‌و تەلەفۆن پەیوەندیمان پێوەکردو بەڵێنەکەیمان بیرخستەوە، ئەمجارەیان بەتەلەفۆن زۆربەی پرسیارکانمان بۆ خوێندەوەو ئەویش هەر بەتەلەفۆن وەڵامەکانی داینەوەو لای خۆمان ریکۆردمان کرد، هەرچەندە بەیەك شەو نەمانتوانی وەڵامی هەموو پرسیارەکان وەربگرینەوە شەوی دواترو لە دوو پەیوەندیدا، لە گفتوگۆیەکی فرەتەوەردا دکتۆر کەمال میراودەلی رای تایبەتی خۆی لەسەر زۆر مەسەلەو بابەتی جیاواز بۆ باسکردین.

## سازدانی موەفەق میراودەلی
## بەشی سێیەم‌و کۆتایی

دەربارەی ئەوەی چوار ساڵە حکومەت روخاوە ئەمریکا توانیویەتی ئامانجەکانی لە پێناویدا هاتە عێراق بەدیبیهێنێ دکتۆر پێیوایە "**بەراستی من لە سەرەتاوە کتێبێکم بلاّوبۆوە،چەندان راپۆرت و شتم بۆ نووسیون،ئەو کاتە بەناوی ریفراندۆمەوە بەناوی خۆشمەوە،ئەمریکا دەیتوانی لەماوەی شەش مانگی یەکەمی عێراقی دیموکراتی دروست بکات،بەوەی کە بیکات هەقم نی یە، سێ ناوچەیە،واتە ناوچە کوردیە کە جیابوو،بەلاّم ئەو کاتە کورد دەبوو ئەو دەروە ببێنێت،کوردخۆی دەبوو بیسەلمێنێت و ناوچەکەی زامن بکات،کەرکووك بخاتەوە سەری،ئنجا بیکات بە بەش بەش،بەراستی کورد فاشیلە لەسەرەتاوە،یەکەم بەرامبەر ئەمریکا کە ئینزاری بکات بەهیچ شێوەیەك نابێ بێتە ناو عێراقەوە تا مەسەلەی ئیعتراف بە جینۆساید و ئەنفال و مەسەلەی (٢٠٠٠٠٠) هەزار کەسەکە روون نەبێتەوە و عێراق ئیعتراف بەو تاوانە نەکات‌و قەرەبوویەکی زۆر نەدات بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان، بەهیچ شێوەیەك نەدەبوو وشەی عێراق بێت بەبێ وشەی ئەنفال،واتا کارێکی نا ئەخلاقی بوو،من ئەوەم نوسیوەو حیزبەکانیش خۆشیان بلاّویان کردۆتەوە، وتارێکم نوسیوە کە چوونە ناو عێراق‌و مەسەلەی عێراق بەبێ قەزیەی ئەنفال‌و ئیعتراف کردن بە جەریمەی ئەنفال مۆڕاڵی نەبوو. دووەم مەسەلەی ئەوەی کە تۆ دەچیتە عێراق دەوڵەتێکت هەیە بۆ هەڵی دەوەشێنیتەوە،بە پێچەوانەوە دەبوو پێ دابگرن لە ئەمریکا قەناعەتی پێ بکەن، کەوا کوردستان ناوچەیەکی سەربەخۆیە،شیعەکان وەکو دووەم**

ئیعتراف به بڕوانامەکانی کوردستان بکرێت، ئێستا به تاوانی دەزانم ئیعترافی پێ بکرێت، ئیستا من نامەوێ شتی سلبی بکەم، کامپینێك بکەم ئیعترافی پێ نەکرێت، بەراستی خزمەتی کورد دەکات کەوا ئێمە رۆشنبیری کورد لەدەرەوە کامپینێك بکەین کەوا بە هیچ شێوەیەك ئیعتراف بەو بڕوانامانەی کوردستان نەکرێت، چونکە بۆتە شتێکی حیزبی عەشایری بێ مانا، تاوانە، کۆمەڵەی خوێندکاری لەناو زانکۆدا هەبێت، میللەت بەزانست پێش دەکەوێت، زانکۆ دەبێ بەسەدان لێکۆڵینەوە بکا لەسەر گرفتی دەروونیو ئەخلاقیو ئەنفالەکانو ئەو میللەتە دروست بکرێتەوە، چۆن بنیاد بنرێتەوە، دێیەکان ببوژێنینەوە، ئابووری نەوت بپارێزین، چۆن دیپلۆماسیەتمان پێش بکەوێ، پێویستە ئەحزابی سیاسی سوود لە لێکۆڵینەوەکان بکات، نەك حیزب بچێت (گ.....) لە زانکۆکان بکات، ئەوەیە مەسەلەکە مەئساتی ئێمە مەئساتێکی ناوخۆییە هەرچی لێکدانەوەی دەرەکی بۆ بکەیت لێکدانەوەیەکی مندالأنەیە، چونکە لەدەرەوە حسابی هیچی بۆ ناکرێت، تۆ ئەو کاتە حسابت بۆ دەکرێت، کە تۆ بچیتە نەتەوە یەکگرتووەکان، قەزیەکەت وەکو قەزیەیەکی ئیبادەو مرۆییو مێژووی وەکو قەزیەی میللەتێك، ئەگەر دەستوورت هەبوبایە دەتتوانی چارەسەری بکەیت، کە دەستوورت هەبوو دەتوانی پەنابەری سیاسی وەرگری، کوردەکانی تورکیا با لەشاخ بێنە خوارەوە پەرلەمانی کوردستان پەنابەریان بداتێ بەیاسا. بابە راستە کوردی تورکیان بەلأم پەنابەری سیاسیەو دانیشن تەواو، هیچ ولأتێ ناتوانێ رەخنە لەوە بگرێت، هەر کاتێکیش تورکیا قەزیەکەی چارەسەر کرد، ئەوان دەتوانن بچنەوە، مادام ئەوان شتەکان بە دەستووری چارەسەر ناکەن، شتەکان بە شاراوەی چارەسەر دەکەن، مەسەلەن ئێمە گرێبەستی نەوتدەکەین، کێ دەزانێ گرێبەستی نەوت چیە، کێ کردوویەتی، بەناوی کێوە، هاتونەتەوە پەرلەمان، ئەمە گاڵتەبازاڕیە تەنها سوودوەرگرتنو بەرژەوەندی چەند کەسێکە وەکو گووتم ئەو هەموو شەریکاتەی کە دێن تۆ ئێرانو تورکیات دوژمنە، بازاڕەکەت داوە بەئەوان، بۆچی بازاڕەکەت داوە بەئەوان میللەت پیی ناخۆشە، میللەت پیی ناخۆشە ماستی خۆی نەبێت، ماستێك بێت (گ......ی) تیادا بێت، ئێستا وەزیری تەندروستی دەڵێ ئەوەی کە هاتووە (گ.....) تێدایە، باشە تۆ بۆ ئەوە دێنیت، پارەیەك دێت، شەش ملیۆن دینار بەناوی شەریکاتەوە دەدزرێ، هیچ شەریکاتێ لەکوردستان شەرعی نیە، چۆن شەریکە دەبێت کە یاسایەکی شەریکات دروست نەکەیت خەڵك بزانێ ئەو شەریکانە کێنو سەرمایەیان چەندەو کێ دایان دەمەزرێنێت، ئیشیان چۆنەو چۆن لێپرسینەوەیان لێ دەکرێت، هەموو ساڵێ حساباتیان چۆن ئاشرا دەکرێت، حسابی بانقیان لەکوێ یە، چۆن شەریکەیەك دەکرێتەوەو دووسەد سێسەدملیۆن لێ دەداتو دەیبات بۆ دەرەوە، واتە هەموو گرفتەکانمان ناوخۆییە، ئێستا بزانە گەنج ناخوێنێتەوە ئەو هەموو گەنجە دەست بەرەلأیە، بۆ بەرەلأ کراون بۆ ئەو دروشمە دروست نەکەینەوە کەکتێبخانەو ئەنتەرنێت لەهەموو دێیەك هەبێت، مندالی کورد کۆمپیوتەری خۆی هەبێت، ئێستا لە ئەفریقا ئەو دروشمە هەیە لە ئەفریقا کۆمپیوتەریان بە سەد دۆلار دروست کردووە، بۆ ئەوەی مندالی ئەفریقی بتوانێ کۆمپیوتەری لاپ تۆپی باوەشی هەبێت، باوەڕکە ئەگەر دەسەلأتیان هەبێت، ئەنتەرنێتەکانیش دادەخەن بۆئەوەی خەڵك ئەو تۆزە هەناسە دیموکراتیەی هەیە ئەویش نەخوێنێتەوە، چ رێگرە لە رێگای دێکانو بوژاندنەو قەرەبوکردنەوەی دێیەکان کشتوکاڵ بکات، چ رێگەی لەوەگرتووە ماستو بەرهەمی ناوخۆیی پشتگیری بکرێت، تورکیاو ئەمریکا رێگەی لێ نەگرتووی عەقلێ خۆت ئەوەیە خزمەتی داگیرکەر دەکات. سەبارەت بە ئەرکی حکومەت لەو ئاریشەیەو چی بکات بۆ بەرگرتنی گەندەڵی؟ گووتی" کاکە ئەوە پرسیارێکی باشە زۆر کەس بەمن دەڵێن تۆ بۆ شتی سلبی دەڵێو ئیجابی ناڵێیت، چی بکەین باشە، بەلأم بەراستی من وەرگێڕان بۆ بکەن،سوونیەکانیش سێ هەم بکەن،کە ئەوەی کوردستانیان بکردایە شیعەکانیش پشگیریان دەکرد،شیعەکان ئێستاش پشگیری فیدرالًیەت دەکەن،بەلأم دیسان بە پێی سیاسەتی ئەمریکی سیاسەتێکی پەیوەند بێت بە دەولەتیە عەرەبیەکانەوە،عەرەبەکان بەتایبەتی عەرەبە سونیەکانی کەنداو سعودیەو میسروئوردن و ئەمانە، دەترسن لەدەوری شیعە،ئەوان دیسان وەکو نەتەوە یەكو ئەوانە کە نەیان هێشت سەدام بڕوخێت،ئەم جارەش ویستیان شتێکی وەها دروست بکەن عێراق بمێنێتەوە،سوننە دەوری سەرەکی تێدا هەبێت،چیان بەکارهێنا لەسەرەتاوە کوردیان وەکو وەرەقەکە بەکارهێنا،کە سوونی دژی کوردە کە وشەی کوردستان ناهێنن،بەهیچ شێوەیەك مەسەلەی نەوتو ئەو دەستوورەی کە ئێستاش ئیعترافی پێ ناکەن، بەلأم کورد وەکو ئەداتێ بەکاردەهێنن بۆ پاراستنی سنوورەکان،لەبەرئەوە قەزیەی ئەمریکا لێرەدا هەڵەی کرد کە ئەمەی نەکرد، بەلأم دەیزانی هەڵەدەکات ئەو لەترسی ئەوەی شیعە بەتایبەتی لەم کاتە ناسکەدا کابرایەکی توندەرەوی جاهیلی وەکو ئەحمەدی نەژاد دەرکەوت، ئەحمەدی نەژاد داوای لەناوبردنی هەموو ئیسرائیل دەکات،کە زۆر شتی توندرەوانە دەکا لەبەر ئەو توندرەویەی ئەوەی پێ ی دەوترێ هیلال شیعی کە سەرکەون لە ئێران دا دیسان دەچێتە سوریاو لوبنانو حەماس ئینجا مەسەلەی شیعەکانی ئەفغانستانو پاکستان،ئەو گرفتەی کە عێراقی بوو، بووە گرفتێکی ئیقلیمیو پاراستنی هاوسەنگی ئیقلیمی لەنێوان شیعەو سوننە بە شەرتێکی ئەمریکا بتوانێ سوننەکان رازی بکات،بەرژوەندی خۆی بپارێزێت،ئێستا ئەمریکا خۆشی نازانێت چی دەکات" سەبارەت بەوەی ئایا ئەمریکا دەسەلأت دەداتە دەست شیعە؟دکتۆر گووتی"ئاخر ئەوەیە مسەلەکە من گەشبینم بە پێچەوانەوە عێراق زۆر زۆر پێش دەکەوێت، جنوب پێش دەکەوێتو کوردستان بەرەو هەرەسهێنان دەڕوات، ئەوان دیموکراتیەتیان هەیە لەساڵێکدا سێ حکومەتیان گۆڕیو حکومەتێکی تریش دەگۆڕن، پەرلەمانەکەیان بەوپەڕی دیموکراتیانە ئیشو قسە دەکات، واتە شیعەکان تارادەیەك ئیمانیان بە دیموکراتیەتو پەرلەمانو دەستوور هەیە، ئیمانیان بەیاسا هەیەو زۆر شتیشیان کردووە، ئابوریەکەیان بەهێزو شارەزای دەرەوەیان هێناوەتەوە، وەکو ئێمە نیە کۆمەڵێ جاهیلی شاخ بێننو زاڵبنو هەموو کادیرەکانی دەرەوە کەسیان نەتوانێت بگەڕێتەوە، ئابوریەکەیان بەهێزەو نەوت بەرەبەرە زیاد دەبێت، لەبەرئەوە عێراق ئایندەی هەیە، بەلأم ئەمریکا ئەوەیە زەخت بکات ئەو دەورە بێنێتەوە بۆ سوننەکان کە سوننەکان بە رای من هەر لە گەڵیان رێك دەکەوێتەوە، رێك کەوتنەکەش زۆر بەئاسایی لەسەر مەسەلەی کورد دەبێت، مەسەلەی کەرکووك تێدا رۆیشت مەسەلەی نەوت تێدا رۆیشت، خۆیان پێوە سەرقاڵ ناکات عەرەبەکان زۆر زۆریان پێ خۆشە کە تورکیا مەبەستیەتی مەسەلەی کورد هەر نەبێت لەوێدا، باشە ئێمە هەقمان نیە لەگەڵ تورکیا حسابی خۆتان بکەن، ئەو کاتە بزانە کورد دەڵی چی ئایا کە ئێمە عێراقین بۆ جەیشی عێراقی ناهێنن، جا بزانە، ئەمەش وازی لێ بێنە، باشە جەیشی عێراقی ئەمرۆ هاتو بەناوی تورکیاوە بەرگری لێ کردن ئەی سبەینێ کە لەوێ مایتەوە بەناوی عەرەب چیەتیە، بەعسیەتچیەتیەکی تازەوە دەبێ، کورد هیچ ستراتیژیەتێکی نیە، تەنها گەندەڵیو پارەو پلەو پایە، مەسەلەن تا ئێستا تۆ ماوەی شازدە ساڵە بە ئاشکرا بودجەکەی..هتد، هیچ ولأتێ هەیە بەپارەی میللەت ئەم هەموو راگەیاندنە حیزبیە دروست بکەیت، هیچ ولأتێك هەیە تەنانەت خوێندنی زانکۆ ئاستی ناوەندی نیە، بە کوردستان داهاتومەتەوە چومەتە زانکۆکان بم زانیبایە دەتوانم وانە بڵێمەوە دەهاتمەوە کوردستان، بەلأم ئەو زانکۆیانە بەهیچ مانایەك ئاستی ناوەندیان نیە، ئێستا ئێمە لەدەرەوەین لە لەندەن بڕوانامەکەی ئیعترافی پێ ناکرێت، ئەوەی دێتەوە دەبێ وەکو یەکی زانکۆ دەوام بکاتەوە، ساڵان ئێمە لێرە(کام پەیجم)دەکرد، کەوا